وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر

کۆلێژی پەروەردە

# کوردناسیی گشتی

2020–2019

## کوردناسی چەمك و واتاكەی :

**چەمكی كوردناسی لە زمانی كوردیدا وەكو زانستێكی نوێ بەكاردێت .**

**كوردناسی بریتییە لەو زانستەی كە لە رەهەند و لایەنە جیاجیاكانی مێژویی ، جوگرافی ، زمان وئەدەب ، ئایین ، كەلتور وكەلەپوری . هەموو لایەنێكی جیاوازی نەتەوەی كورد دەكۆڵێتەوە .بێگومان ئەم زانستە دەشێ لە یەك كاتدا ڕوانگەیەكی زانستیانە بێت ، چونكە چەندین توێژینەوە و زانیاری لە بارەی كوردەوە هەڵێنجاوە و لەهەمان كاتیشدا وەك دید و وینای كوردناسە رۆژئاواییبیانیەكان بێت لەسەر كۆمەڵگەی كوردی لە رابردو وتاكو ئێستا .ئەم زانستە سەرەتا لە لایەن ئەوروپییەكانەوە سەری هەڵداوە و بە زانستێكی ئەوروپایی دادەنرێت ، چونكە ئەوروپییەكان پێش كورد خۆی ویەكەم كەس بون ، كە لە هەموو لایەنێكی ژیانی نەتەوەی كوردیان كۆڵیوەتەوە ، ئەگەرچی پێشتر لە چوارچێوەی توركناسی و ئێراننناسی گرنگی پێدراوە و بەشێك بووە لە رۆژهەڵاتناسی . بەڵام دواتر لە ناوەندە ئەكادیمیەكان و پەیمانگاكانی لێكۆلینەوەی زمانەكانی رۆژهەڵاتی جیاكرایەوە و بوو بە لقێكی سەربەخۆ بە ناوی (كوردۆلۆجی) ، بەڵام لە ئەنجامی توێژینەوە و لە ژێر ڕۆشنایی زانستی زاراوەسازی (Termenology) پێشنیازی زاراوەی (كوردناسی) بۆ بابەتەكە كرا ، لەم بارەیەوە روسەكان پێشەنگن لە گرنگیدان بە ناسین وردبونەوە لە بارودۆخی كورد.**

**كوردناس و رۆژهەڵاتناسەكان لەبەر چەند هۆیەك هەوڵیان داوە لە كورد بكۆڵنەوە :**

**هەندێكیان وەكو حەز و ئارەزویەك ئەم كارەی ئەنجامداوە و مەبەستی زانیاریلە بارەی كورد كۆبكاتەوە ، یان بە مەبەستی سیخوڕی وەیان بۆ بلاْوكردنەوەی ئاینی مەسیحی بووە .دەیان كوردناس و رۆژهەڵاتناس وەكو لە رووسیا ﴿ لیرخ ، ئەلیكساندەر ژابا ، ڤلادیمێر مینورسكی ،... تا ﴾ هەروەها كوردناسی عەرەب و رۆژئاوایی فەرەنسی ، ئەڵمانی ، ئینگلییزی ، , وەك ﴿ ئەلتەبەری ، ابن المستوفی ، ماركۆپۆلۆ ، قەشە ماوریزۆگارزۆنی ، مستەر ریچ ، .... تاد ﴾ دەیانی دیكە سەرەنج و زانیارییان لە بارەی كورد وولاْتەكەی تۆماركردوە و بەرهەمەكانیان خزمەتێكی زۆری بە ئەمرۆی ئێمە كردووە. چەمكی كوردۆلۆجی یاخود كوردناسی لە نێو كورددا بۆ یەكەمجار لە ساڵی 1913 لە گۆڤاری ﴿ رۆژی كورد﴾ لە ئەستەنبول لەلایەن ﴿د. عەبدوڵلاْ جەودەت ﴾ بەكارهاتووە، هەروەها ﴿د.كامەران بەدرخان ﴾ لە ساڵی 1918 وتارێكی لەسەر كورد وكوردناسی لە ﴿گۆڤاری ئیجتهاد﴾نووسی كە بەزمانی توركی لە ئەستەنبول دەردەچوو، پاشان لە ساڵی 1924 لە دیمەشق لە لاین ﴿ جەلادەت بەدرخان ﴾ ەوە لە وتارێكدا بە ناوی ﴿كورد وكوردستان ب چاڤێ بیانیان﴾ ئەم چەمكە بەكارهاتووە، دواتر لە ناو ئەدەبیاتی كوردیدا و لە لایەن ئەدیب و مێژونووسانی كوردەوە زیاتر تیشكی خرایە سەر و بەكارهات.**

# بەشی جوگرافی

کۆلێژی پەروەردە

## یەکەم : ـ دەروازەیەك بۆ كوردستان

**1ـ زاراوەی كوردستان**

**(كوردستان) واتە ولأتی كوردان ، وەك چۆن زاراوەی (هندستان) واتە ولأتی هندەكان ، توركمانستان وعەرەبستانیش بەهەمان شێوە . لە لایەكی ترەوە كوردستان لە رووی جوگرافییەوە ، ئەو پارچە خاكەیە كە دیاردەیەك یان چەند دیاردەیەكی جوگرافی لەگەلٚ دەوروبەری پێك دەچێ ، تا ئەو رادەیەی وا لەو پارچە خاكە دەكات تایبەتمەندییەكی وای هەبێ لەگەلٚ دەوروبەریدا جودای بكاتەوە زاراوەی كوردستان لە رووی زمانییەوە لە دوو بەش پێكهاتووە « كورد» واتە نەتەوەی كورد ، «ستان» پاشگرە بە واتای شوێن دێت ، وەك «دارستان ، گۆرستان ، ... تاد».هەرچەندە زاراوەی «كورد» لە نووسینەكانی «سۆمەری ، ئاشوری ، یۆنانی ، عەرەبی» بە چەند شێوەیەكی جیاواز هاتووە ، بەلأم ناوی «كوردستان» بۆ یەكەمجار لەلایەن گەریدەی ئیتالی « ماركۆپۆلۆ» (670 ك ـ1270 ز» بەكارهاتووە .لە پێش ئەویش دا زاراوەی «خاكی كوردان ـ أرض الاكراد» لەلایەن «محمودالغشقری» لە كتێبەكەیدا (دیوان لغات الترك) بەكارهاتووە ،وەك ئاماژەیەك بۆ كوردستان .هەروەها لە نوسینەكانی مێژونووسی مەغۆل «رەشیدەدین فەزلۆلأی هەمەدانی ناسراو بە هەمەدانی لە 1318 ز كۆچی دوایی كردووە » لە دانراوە بەناوبانگەكەیدا « تاریخ المغول» زیاتر لە جارێك زاراوەی كوردستانی بەكارهێناوە .**

**2– شوێن ( پێگەی جوگرافی)**

**پێگەی كوردستان یەكێكە لە ناوچە گرنگ و ستراتیژییەكان لەسەر نەخشەی جیهان ، ئەم شوێنە جوگرافیە بایەخێكی ستراتیژی هەیە ، كە هەمیشە لە كۆنەوە تا ئەمرۆشی لەگەلٚدا بێت بەپردێك دادەنرێت ، كە كیشوەرەكانی جیهانی كۆن « ئاسیا ، ئەوروپا و ئەفەریقیا » بە یەكەوە دەبەستێتەوە.**

**3ـ شوێنی ئەسترۆنۆمی « شوێنگەی فەلەكی كوردستان»**

**كوردستان لە پانتایەكی جوگرافی فراوان پێكهاتووە ، لە ناو كیشوەری ئاسیادایە ، ئینجا دیاریكردنی شوێنی ئەسترۆنۆمییەكەی ، مەبەست لەم زاراوەیە بازنەكانی پانی و درێژی گۆی زەوییە ، كە بایەخ و**

گرنگی خۆیان هەیە . شوێنی کوردستان بە گوێرەی بازنەکانی پانی و درێژی دیاریکراوە ، کە لە بازنەکانی درێژی ﴿ 36,5 ـ49﴾ وبازنەکانی پانی ﴿ 30,5 ـ 40,5 ﴾ دایە .

## 4– سنور و رووبەر و شێوە

کوردستان ناوەڕاستی ناوچە شاخاویە بەرزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داگیر کردووە ، کە لە نێوان چیاکانی ئارارات لە باکورەوە تا کەنداو لە باشور درێژدەبێتەوە ، هەروەها لە نێوان چیاکانی زاگرۆس لە رۆژهەڵاتەوە تا زنجیرە چیاکانی تۆرۆس لە رۆژئاوا وە ، هەر بۆیە سنوری کوردستان لە کەنداوی ئەسکەندرۆنە لەسەر دەریای ناوەڕاست دەستپێدەکات بە ئاڕاستەی باکوری رۆژهەڵات تا شاری سێواس هەڵدەکشێت تا دەگات بە هەر دوو شاری ﴿ ئەرزنجان و ئەرزەرووم﴾ وە لەوێشەوە بەرەو شاری ﴿ کارس﴾ ، ئینجا بە ئاڕاستەی باشور دەڕوات بەرەو کەنارەکانی دەریاچەی ﴿ ئورومیە﴾ تا دەگاتە شاری ﴿هەمەدان ﴾ئیدی لە کۆتاییدا دەگات بە کەنارەکانی کەنداو .بەڵام سنوری رۆژئاوای کوردستان لە کەنارەکانی کەنداو دەستپێدەکات بە ئاڕاستەی شاری ﴿ دەهلەران﴾ بەرەو باکوری رۆژئاواو هەردوو شارۆچکەی ﴿ بەدرە﴾ و ﴿ مەندەلی﴾ دەڕوات ، پاشان بەرەو بەرزاییەکانی ﴿ حەمرین ـ مەکحول ـ شنگال ﴾ درێژدەبێتەوە تا دەگاتە سنوری نێو دەوڵەتی نێوان عێراق ـ سوریا بۆ شاری ﴿ قامیشلۆ﴾ و شارەکانی ﴿ حەسەکە و منبەج و عەفرین﴾ تا بە کەنداوی ئەسکەندەرۆنە کۆتایی دێت.کەواتە دەکرێ بڵێین کوردستان دەکەوێتە باشوری رۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، سنورەکەی بەشێوەیەکی گشتی لە هەر چوارلاوە بەم شێوەیە : ـ

باکور ـ ئازەربایجان و ئەرمینیا و تورکیا .

باشور ـ ئێران و کەنداو .

رۆژهەڵات ـ ئێران

رۆژئاوا ـ عێراق و سوریا

هەرچی رووبەری کوردستانە ، ئەوا کۆی رووبەرەکەی ﴿ 500000﴾ کم دووجایە بەسەر هەر چوار بەشەکەی کوردستان دابەش بووە ، بەم شێوەیەی خوارەوە : ـ

**باکوری کوردستان (تورکیا) 210000 کم دووجا**

**رۆژهەلاتی کوردستان ( ئێران) 195000 کم دووجا**

**باشوری کوردستان (عێراق) 83000 کم دووجا**

**رۆژئاوای کوردستان (سوریا ) 15000 کم دووجا**

## ***دووەم : ـ تایبەتمەندی سروشتی کوردستان***

**<u>1ـ بەرزی و نزمی (تۆپۆگرافیا)</u>**

**به شێوەیەکی گشتی بەرزی ونزمی ﴿تۆپۆگرافیا﴾ی کوردستان لە سێ بەشی جوگرافی جیاواز پێکهاتووە :ـ**

**أ ـ چیاکان**

**زیاتر لە نیوەی تۆپۆگرافیای کوردستان لە چیاکان پێکهاتووە .لە قۆناغی جوڵە جیۆلۆجییەکانی چیاکانی ئەلپی ئەوروپییەوە دەرکەوتوون .واتە بەهۆی جموجوڵە ناوەکیە ﴿تەکتۆنی﴾ ە کانی چیاکانی ئەلپ. لە گرنگترینیان ﴿ چیاکانی ئارارات ، چیاکانی زاگرۆس ، حەسارۆست ، شاهۆ ، حەمرین ﴾ .**

**ب ـ بانەکان (گردەکان) ( تەپۆلکەکان)**

**بەرزاییەکانیان لە نێوان ﴿ 500 ـ 1000 ﴾ م لە سەر رووی دەریایە و لە زۆربەی بەشەکانی کوردستان دابەشبوون . وەك، بانی ئەرزەروم ، بانی کەرکوك ، بانی موسڵ. ئەم گردانە کەڵکیان زۆرە لەلایەکەوە دەغلودانیان لێ دەچیندرێ و لەلایەکی دیکەشەوە بە دەیان مێگەلی مەڕو ماڵاتی لێ دەلەوەڕێندرێ.**

**ت ـ دەشتەکان : لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەشتەکان هەن، دەشتەکانی کوردستان بە زۆری لە پێچاوپێچی چەماوە پێکهاتوون . ئەمانەش چ لە نێوان چیاکان یان لەسەر لێژایی و دۆڵەکان ، هەیشە دەشتی بەرزن و رووبەرەکانیان جیاوازی هەیە لە گرنگترینیان ﴿ دەشتی ئەمیر ئاباد ، دەشتی ئورفا ، دەشتی هەولێر ، دەشتی شارەزوور﴾ .**

## 2ـ ئاو وهەوا

لەبەر ئەوەی کوردستان دەکەوێتە هەر دوو هێلی پانی ﴿29 ـ 41 ﴾ ی باکوری کەمەرەی زەوی (هێلی یەکسانی) ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، دەکەوێتە نێوان هەرێمی بیابانە گەرمەکان و هەرێمی دەریای ناوەڕاست .لە کوردستاندا توخمەکانی ( رەگەز) ەکانی ئاووهەوا ش جیاوازییان هەیە، بە تایبەتی لە رووی هەردوو توخمی پلەی گەرمی و باران لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە بە پێی جیاوازی شوێنگەی جوگرافی و جیاوازی تۆپۆگرافی و دوورو نزیکی دەریاوە .گرنگترین لە چەشنەکانی باران لە کوردستان بریتییە لە ﴿ بارانی سەر بەکلاوە ، بارانی هەڵەتان ، بارانی بەرزەیی﴾.

## 3ـ دەرامەتی ئاوی

کوردستان یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ولاتانی جیهان لە رووی دەرامەتی ئاوەوە ، هەروەها سەرچاوەی هەرە گرنگی ئاوی ولاتانی دیکەی رۆژئاوای ئاسیایە . رۆلی ئاو لە ژیانی دانیشتوانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بە گشتی ، ولاتاتەکانی رۆژئاوای ئاسیا بە کوردستانیشەوە بەتایبەتی ، رۆژ بە رۆژ لە زیاد بووندایە . سەبارەت بە ئاوی ژێر زەوی ، ئەوا بەفر و باران دوو سەرچاوەی ژێر زەوی پێکدەهێنن، کوردستان لە رووی سامانی ئاوی ژێر زەوییەوە دەوڵەمەندە ، چونکە زۆربەی بەردەکانی لەو بەردانەن ، کە رێگە بە ئاو دەدەن بۆ چینەکانی ژێر زەوی برۆن و لە بنەوە حەوزی ئاو پەیدا بکەن .ئاوی ژێر زەوی سەرچاوەی گرنگ پێکدەهێنن بۆ ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵەکان لە زۆر ناوچەی کوردستاندا ، هەروەها بە تایبەت لە رووی ئەنجامدانی کشتوکاڵی هاوینە و بە رێژەیەکی زۆر گوندەکان بۆ بەردەوامیان و قەبارەی دانیشتوانی گوندەکان پشت بەو جۆرە ئاوانە دەبەستن کە ﴿ کانی سەروچاوە ، کارێز ، ناعور ، بیر ﴾ نموونەی ئەو جۆرە ئاوانەن

# سێیەم : ـ تایبەتمەندی مرۆیی کوردستان

## 1ـ دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی پێکهاتە

**دابەشبونی دانیشتوان** گەلێك لایەن دەگرێتەوە ، لەوانە : ـ

**أ ـ پێکهاتەی دانیشتوان بەپێی ﴿ تەمەن ، ڕەگەز ﴾ واتە ژمارە وڕێژەی دابەشبون بە گوێرەی تەمەن وژمارەی نێرینە ومێینە لە ناو گشت دانیشتواندا .**

**ب ـ پێكهاتەی نەتەوەیی**

**دانیشتوانی كوردستان لە چەند نەتەوەی جودا بە ڕەچەڵەك وزمان تارادەیەكیش دابونەریت و مێژو پێكهاتووە لەوانە ﴿ كورد ، تورك ، عەرەب ، ئازەری ـ عەجەم ـ ، فارس ، ئاسوری ـ كلدان ـ سریان ـ ئەرمەن ، توركمان﴾**

**ج ـ پێكهاتەی ئاینی**

**كوردستان یەكێكە لە وڵاتانەی باشوری رۆژئاوای ئاسیا ، كە دانیشتوانەكەی لە رووی پێكهاتەی ئاینیەوە لەسەر ئاینی جۆراوجۆرە ، وەك ﴿ ئاینی زەرد دەشتی ، جولەكە ، مەسیحی ، ئیسلام ، ئێزیدی ، سابیئە﴾**

## 2ـ دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی ژینگە

**بە شێوەیەكی گشتی دابەشبونی دانیشتوان لە كوردستاندا جیاوازی هەیە ، ئەم جیاوازییەش لە ئاكامی كارتێكردنی هۆیە سروشتی ومرۆییەكانەوە پەیدابوون ، لە هۆكارە سروشتییەكان وەك ﴿ ئاووهەوا، تۆپۆگرافیا ، جۆری خاك ، لە هۆكارە مرۆییەكانیش ، وەك ﴿ تێكرای لە دایكبون و مردن وكۆچكردن ... تاد ﴾ ئەو هۆكارانەش كاریگەرییان بەسەر جیاوازی دانیشتوانی كوردستانەوە هەبووە و دەبێت . بۆنموونە بەرزایی چیاكان بۆتە هۆی كەمكردنەوەی دانیشتوان لەبەر سەختی زەوییەكان كە هاتوچۆ لەم ناوچانەدا ئاسانییە**

## 3ـ دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی قەبارە

**كوردستان یەكێكە لەو وڵاتانەی سەر رووی زەمین ، كە لە كۆنەوە مرۆڤی تێدا ژیاوە ، بۆیە دواتر نیشتەجێبووە وئاوادانی تێدا دروستكردووە ، لەبەر ئەوە ئاووهەوا بۆ ژیان گونجاو بووە ، زەوی بەپیت وئاوی سەر رووی زەوی زۆربووە . بە پێی ئەو داتایانەی كە مەزەندەی ژمارەی كوردیان كردووە ، لە ﴿40 ﴾ ملیۆن كەس كەمتر نییە بەشی باكور ـ كوردستانی توركیا ـ رێژەی 40٪ لە كۆی گشتی تێدایە ، كە دەكاتە 19٪ ی دانیشتوانی توركیا كوردەكان لە شارەكانی ﴿ دیاربەكر ، دەرسیم ، ماردین ...، هەروەها لە شارەگەورەكانی وەكو ﴿ ئەستەمبول ئەنقرە ﴾ نیشتەجێن . بەشی رۆژهەڵات ـ كوردستانی ئێران ـ 38٪ كە دەكاتە 12٪ دانیشتوانی گشتی ئێران ، شارەكانی ﴿ مهاباد ، سنە ، قەسرشیرین ... بە گرنگترین سەنتەری نیشتەجێی دانیشتوان هەژمار دەكرێن.**

**بەشی باشور ـ کوردستانی عێراق ـ 17٪ کە دەکاتە 23٪ دانیشتوانی عێراق ، کوردەکان بە تایبەت لە شارەکانی ﴿ هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك ، کەرکوك ﴾ نیشتەجێن ، جگە لەوەش رێژەیەکی دیاریکراو لە شارەکانی ﴿بەغداد موسل , بەعقوبە و کوت هەیە . بەلاّم بەشی رۆژئاوا ـ کوردستانی سوریا ـ 5٪ کە دەکاتە 10٪ دانیشتوانی سوریا کوردە ، بەسەر باکور وباکوری رۆژهەلاّتی سوریا دابەشبون . بە تایبەت لە ﴿قامیشلۆ ، حەسەکە ، کۆبانیٚ ، عەفرین ﴾ هەروەها کورد لە چەندین شاری گەورەی سوریا نیشتەجێن وەکو ﴿ دیمەشق ، حەلەب ، وشاری لازقیە .﴾**

کۆلێژی پەروەردە

## ***چوارەم : ـ ژیانی ئابوری لە کوردستاندا***

### <u>1ـ کشتوکاڵ</u>

**أـ دانەوێلە**

**ب ـ بەربومی هاوینە گرنگترین ئەو بەروبومانەش ﴿ تووتن ، لۆکە ، زەیتون ، برنج ...تاد**

**ج ـ بەروبومی میوەجاتی وەك ﴿داری سێو ، میوە ، سەوزەوات ، میوەکان وەك ﴿ سێو و ترێ ،خۆخ ،هەرمێ ، قەیسی...تاد .**

### <u>2ـ سامانی ئاژەڵ</u>

**سەبارەت بە جۆرەکانی ئاژەڵ لە کوردستاندا ، ئەوە ئاژەڵی جۆراوجۆر لە کوردستاندا بە خێودەکرێ ،گرنگترین ئەو ئاژەڵانەی کە دانیشتوانی ناوچەکانی کوردستان گرنگی پێ دەدەن ئەمانەن﴿ مەڕ ، بزن ،چێل ـ مانگاـ﴾،کە چەندین نژادیان لە کوردستادا هەیە.**

### <u>3ـ پیشەسازی و کانزاکان</u>

**شارەزایانی بواری پیشەسازی بە شێوەی جودا پیشەسازی پۆلین دەکەن . لەسەر بنەمای قورسی ، سوك ، دەرهێنان ، گۆڕین ...پیشەسازی دەرهێنان بریتییە لە دەرهێنانی نەوت و گازی سروشتی و گۆگرد و ...، هەرچی پیشەسازی گۆڕینە ئەوە پیشەسازی خۆراك ، رۆنی رووەك ، شەکر ، چیمەنتۆ ... تاد دەگرێتەوە .**

### <u>4ـ گەشتوگوزار</u>

**کوردستان بەکێك لەو ولاَتانە دادەنرێت ، شوێنەکەی بۆ گەشتوگوزار گونجاو بێت ، چونکە ناوچە شاخاوییەکانی توانایەکی گەشتوگوزاری سروشتی زۆر گەورەیان تێدایە ، بەهۆی جوانی دیمەنە سروشتییەکان ، کە دڵڕفێن و سەرەنج ڕاکێشن ، وەك بوونی چیا ، دۆڵ ، ئەشکەوت ، تاڤگە ... .**

# بەشی مێژوو

کۆلێژی پەروەردە

# تەوەری مێژووی کورد

## 1– وشەی کورد ( ریشە و واتاکەی)

سەبارەت بە وشەی کورد ، وەك میللەتێك لە مێژوی کۆنی رۆژهەڵاتی دێرینی پڕ لە شارستانیدا هەڵیداوە ، نزیکەی 2000 پ.ز ناوی کورد بە شێوەی جیاجیا لە مێژودا هاتووە . بۆ نموونە سۆمەری و بابلییەکان ناویان نابو ﴿کورتی﴾ ئاشورییەکان ﴿کوراقوتیم ﴾ ڕۆمانییەکان ﴿قاردشۆی﴾ و گریکەکان بە ﴿قاردو﴾ ، ،عەرەبە موسلمانەکان بە ﴿ بلاد الاکراد﴾ ناویان نابو، هەروەها لە 401 پ.ز بە ناوی ﴿ کاردوك ، کاردا ، کاردۆ ، کاردۆخ﴾ هاتووە ، جگە لەمانەش کوردەکان ناوێکی دیکەش لە خۆیان ناوە کە کورمانج یان ﴿کرمانج﴾ بەڵگەی تریش ، کەوا ناوی کوردی بۆچەمکێکی تایبەتی مێژویی دەگەڕێتەوە لەو ناولێناوەیە . سەبارەت بە ناولێنانی تایبەت بە کوردەوە ، پێویستە ئاماژە بە ڕاستیەك بکرێت ، ئەویش هەموو ئەو ناولێنانەی لەلایەن مێژونووسانەوە هەیە ، یەك بنجی نییە ، بەڵام هاوچەشنە یان نزیکە لەو ناولێنانەی ئێستاوە .

ئەم ناوە . کورد. یەکەمجار لە کتێبێکدا کە بە زمانی پەهلەوی نووسراوە بە شێوەی ﴿ کورد . کوردان﴾ دەردەکەوێ ، کە بە زمانی فارسی بە واتای . مانای پاڵەوان ، قارەمان دێت ، هەروەها ﴿ کاردا﴾ ش بەسەر ئەو گۆتیانەوە بڕاوە، کە ئەکەد وسۆمەرییەکان بە جەنگاوەر ، قارەمان ، پاڵەوان ﴾ ناویان دەبردن . بەشێوەیەکی گشتی و لە هەموو زمانەکاندا ئەو دەگەیەنێ کە کورد کۆمەلێکی مرۆیین خاوەن تایبەتمەندی نەتەویی دیاریکراون کوردستانیان کردۆتە نیشتمانی خۆیان.

## 2. زاراوەی کوردستان لە سەرچاوەکاندا

ناوی کوردستان وشەیەکی دارێژراوە ، لە وشەی (کورد) و پاشگری (ستان) پێك دێت،کوردستان وەك ناوی هەرێم زاراوەیەکی جوگرافی بۆ یەکەمجار لە سەردەمی ﴿سوڵتان سەنجاری سەلجوقی﴾ بەکارهات ، ئەویش لە ئەنجامی فشاری کورد وخۆپیشاندانەکانیان دژی سیستەمی باج ودەرامەت ، ئەوا سوڵتانی ناچار کرد رۆژئاوای هەرێمی جیبال کە کوردیان تێدا دەژیا ، بەشێك لەرۆژئاوای جیبالی جیا کردەوە و کردی بە هەرێمێکی سەربەخۆ ناوی نا ﴿کورد ئوستانی ﴾واتە ﴿ویلایەتی

**کورد ﴾وەك زاراوەیەکی ئیداری سیاسی جێگەی خۆی گرت . دواتر گەریدەی ئیتاڵی بەناوبانگ ﴿مارکۆپۆلۆ ﴾یەکێکە لە یەکەمین ئەو گەریدە رۆژئاواییانەی ناوی کوردستانی بە ناوی ﴿کاردستان ﴾ تۆمارکردووە ، چل وسێ ساڵ دوای ئەو ﴿حەمەدوڵلاّ مستەوفی قەزوینی ﴾، کاتێك باسی رۆژهەلاّتی کوردستانی کردووە ناوی کوردستانی بەکارهێناوە ، لە دائرە المعارف الاسلامیەدا زاراوەی کوردستان بۆشوێنی نیشتەجێی هاولاّتیانی کورد بە کارهاتووە ، بەلاّم سنوری ڕاستەقینەی کوردستانی بجووك کردووە .**

**زاراوەی کوردستان ناونانێکی سیاسی و ئیداری سەردەمی سەلجوقیەکانە کە بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو بەکاریان هێناوە ، پاشان ئەم زاراوەیە لەگەڵ پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی و بزاڤی رزگاریخوازی سەرتانسەری خەڵکی کوردستان وردە وردە بووە زاراوەیەکی سیاسی و نەتەوەیی سەرتانسەری کە بگونجێت بۆ مانای ئەو ولاّتە گەورەیەی کە سەرجەم خەڵکی کورد لە باوەش دەگرێت**

کەناڵی پەروەردە

# مێژوی ریشەی نەژادی کورد

## 1. نەژادی کورد لە دیدی رۆژهەڵاتناسان

بیروبۆچونی ڕۆژهەڵاتناسەکان لە بارەی نەژادی کورد لە یەك ناچیٚ و لە سەر زۆر شت ناکۆکن . بۆ نموونە نەژادی کورد بە بۆچونی ڕۆژهەڵاتناسی رووسی ( ب . لیرخ ) دەگەڕێتەوە سەر خالدییەکان، کەچی بەڕای (گالان ) کە فەڕەنسییە دەگەڕێتەوە بۆ فارسەکان ، ئەمە لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتناسی دیکەی وەکو فریٚزەری ئینگلیز کاردۆخەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنێت .هەروەها ﴿ مینورسکی ﴾ کورد دەکات بە دوو بەشەوە ، بەشی یەکەم بە کوردی رۆژئاوا . ئاراراتی . بەشی دووەم ناودەنێت بە کوردی رۆژهەڵاتی . مادیان . ، سەبارەت بە نەژادی کورد پێوایە لە کۆمەڵە لقێکەوە هاتووە و تێکەڵ بە یەکتربون، بەهۆی تێپەربونی کات یان کاریگەری هۆکاری مێژویی و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتیان وای لێکردوون کە ،تەبیعەتی دیاریکراویان هەبێت.

بەپێی سەرچاوە مێژویی وپاشماوە دێرینەکان ، ئەوە دەردەکەوێت کە کورد لە نەژادی ئارییە ولە ڕەگەزی هیندۆ ئەوروپییە.

## 2 . نەژادی کورد لە دیدی مێژونوسانی کورد و غەیری کورد

### أ. نەژادی کورد لە دیدی مێژونوسانی کورد

لەمێژوی کورد وکوردستانی ﴿ئەمین زەکی بەگ﴾دا هاتووە ، ڕەچەڵەکی کورد دەگەڕێنتەوە بۆ: .

1- دانیشتوانی چیاکانی زاگرۆس ، کە نەتەوەکانی (لولو ، کوتی ، کورتی ، جوتی ، جودی ، کاسای سوباری ، خالدی ، میتانی ، هوری ، نایری) دەگرێتەوە ، ڕەچەڵەکی کۆنی کوردانن.

2- چینی هیندۆ ئەوروپییەکان کە کۆچیان کوردستان لە سەدەی (10پ.ز) لە کوردستان نیشتەجێبوون لەگەڵ دانیشتووانە ڕەسەنەکەی کە بریتیبوون لە (میدییەکان و کاردۆخییەکان) و کردووە بۆ نەتەوەی کوردیان پێکهێناوە. بەپێی هەندێ مێژونووسانی بە ناوبانگی عەرەب وەك ، ﴿الطبري﴾ و ﴿المسعودي﴾ ڕەچەڵەکی کورد گۆتییەکانن.

**ب-نەژادی کورد لە دیدی ڕۆژهەلاٌتناسانی غەیری کورد**

بیروبۆچونی ڕۆژهەلاٌتناسەکان لە بارەی نەژادی کورد لە یەك ناچیٌ و لە سەر زۆر شت ناکۆکن . بۆ نموونە نەژادی کورد بە بۆچونی ڕۆژهەلاٌتناسی فەرەنسی ( ژۆزێف پیتۆن ) دەگەڕێتەوە سەر خالدییەکان ، کەچی بەڕای (گالان ) کە ئەویش هەر فەرەنسییە دەگەڕێتەوە بۆ فارسەکان ئەمە لە کاتێکدا ڕۆژهەلاٌتناسی دیکەی وەکو فرێزەری ئینگلیز کاردۆخەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنێت .

## *ج : دانیشتوانی کۆنی کوردستان*

### 1. هۆزەکانی کۆنی کورد

**لە کوردستانی کۆندا چەندین هۆزر هەڵکەوتوون و بۆ دوو بەش دابەشکراون : . بەشی ئارارات ئەم هۆزانە لە خۆ دەگریٌت لەوانەش : ﴿لۆلۆ ، گۆتی یان گوتی ، کاسۆ یان کاسی ، شوباری یان سۆباری﴾. هەرچی بەشی دووەمە ئەوە بریتین لەم هۆزانە ﴿ماد . میدی . کاردۆخی ﴾ .**

### 2. مێژوی شارستانی کۆنی کورد

**مەبەست لە شارستانیەتی کورد هەموو ئەو چالاٌکییە مادییانەی کە هەر لە کۆنەوە تاکی کوردی لە بوارە جۆراو جۆرەکاندا ئەنجامی داوە ، کە بە هۆیەوە ژیانی خۆیی و ولاٌتەکەی بەرەو پێش بردووە . هەروەك ئاشکرایە کە دانیشتوانی ئەوسای کوردستان یەکەم گوند بەناوی (زاوی چەمی) لە سەرەتای هەزارەی نۆیەمی زایینی ، لە نزیك چیای برادۆست و ئەشکەوتی شانەدەر دروست دەکەن ، کەواتە یەکەم گوند لە کوردستان بوو . لە دوای ئەمە ئیتر وردە وردە لە ناو چەکانی دیکەش لە گەڵ بەرەو پێش چونی ژیان و زۆر بوونی دانیشتوان گوندی دیکەش لێرەو لەویٌ دروست کران لە گرینگترین ئەم گوندانەش گوندی (چەرمۆ)یە لە نزیك چەمچەماڵ لە کوردستانی عیراق هەروەها گوندی (نەمری) لە سنورەکانی باشوری شاری دهۆك لەم گوندانە دەست کرا بە ئاژەڵدارییی و کشتوکاڵ کردن ، کەواتە یەکەم شۆرشی کشتوکالیش هەر لە کوردستان بوو.**

## دانیشتوانی كۆنی كوردستان

### ا-هۆزەكانی كۆنی كورد

لە كوردستانی كۆندا چەندین دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتی دیار هەڵكەوتوون لەوانەش : لۆلۆییەكان ، گۆتییەكان ، میتانییەكان ، كاشییەكان ، هەروەها میدیەكانیش لە میللەتانی بە ناوبانگی كوردستانی كۆنن و لە سەرەتا دا ، تا ماوەیەكی درێژ هەر لە سەر شێوەی هۆزو تیرە ی بچوك دەژیان ، بەڵام لە سەدەی حەوتەمی پێش زاین یەكێك لە سەركردەكانیان كە ناوی (دیاكۆ) بوو توانی یەكیان بخات و دەوڵەتێكی بە هێز دابمەزرێنێ و شاری ئەكباتانا (هەمەدانی ئێستا ) بكاتە پایتەختی دەوڵەتەكە . ماددەكان لە ساڵی (612پ .ز) دا بە سەركردایەتی كەی خسرەو (كیاكسار) بە هاو پەیمانێتی لەگەڵ كلدانییەكانی بابل هێرشیان كردە سەر (نەینەوا) ی پایتەختی ئاشوورییەكان و كۆتاییان پێهێنان . سنووری دەوڵەتی ماددەكان لە سەردەمی كەیخسرەو هەموو كوردستانی گرتەوە لە ساڵی (550 پ.ز) ئەخمەنییەكان ئیمپراتۆریەتی مادەكان دەڕوخێنن و ئیمپراتۆریەتی ئەخمەنی ڕادەگەیەنن.

### ب- مێژووی شارستانیەتی كۆنی كورد

مەبەست لە شارستانیەتی كورد هەموو ئەو چالاكییە مادییانەی كە هەر لە كۆنەوە تاكی كوردی لە بوارە جۆراو جۆرەكاندا ئەنجامی داوە ، كە بە هۆیەوە ژیانی خۆیی و وڵاتەكەی بەرەو پێش بردووە . هەروەك ئاشكرایە كە دانیشتوانی ئەوسای كوردستان یەكەم گوند بەناوی (زاوی چەمی) لە سەرەتای هەزارەی نۆیەمی زایینی ، لە نزیك چیای برادۆست و ئەشكەوتی شانەدەر دروست دەكەن ، كەواتە یەكەم گوند لە كوردستان بوو . لە دوای ئەمە ئیتر وردە وردە لە ناو چەكانی دیكەش لە گەڵ بەرەو پێش چونی ژیان و زۆر بوونی دانیشتوان گوندی دیكەش لێرەو لەوێ دروست كران لە گرینگترین ئەم گوندانەش گوندی (چەرمۆ)یە لە نزیك چەمچەماڵ لە كوردستانی عیراق هەروەها گوندی (نەمری) لە سنورەكانی باشوری شاری دهۆك لەم گوندانە دەست كرا بەكشتوكاڵ كردن و ئاژەڵ بەخێوكردن ، كەواتە یەكەم شۆرشی كشتوكالیش هەر لە كوردستان بوو.

## دووەم : سەرەتاکانی پەیوەندی کورد بە ئاینی ئیسلام

### سەرەتاکانی پەیوەندی کورد بە ئاینی ئیسلام

کوردەکان پێشتر سەربە بیر و باوەڕ و ئاینی ئارییەکۆنەکان بوون ، کە ناسرابوو بە (**مثرائی**) دواتر باوەڕیان بە یەکتاپەرستی هێنا کاتێك چوونە سەر ئاینی زەردەشت ، کە کۆمەڵێك ڕێنمای ناوخۆیی بوو . کورد بە درێژای حوکمڕانی میدی و ساسانییەکان لە سەر ئاینی زەردەشتی مانەوە تا بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە سەدەی 7ی ئیعجازی لە کوردستان واتە لە ساڵی 634–644ی ئیعجازی لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب ئاینی ئیسلام گەیشتە باشووری کوردستان ، ئەوەبوو بە شێك لە کوردەکان بوون بە موسڵمان و هەندێکیشیان کەوتنە ژێر دەستی ڕۆمانییەکان بە مەسیحی کران و هەندێکیشان بوون بە جولەکە ، هەندێکیشیان وەکو یەزیدی و کاکەی و عەلەوین ، تائێستاش ئاینی زەردەشتی پەیڕەو دەکەن ، کوردە موسڵمانەکان لە ڕووی مەزهەبەوە 75٪ یان مەزهەبیان سوونییە و 20٪ یان مەزهەبیان شیعەن ، لە ڕووی تەریقەتیشەوە دوو تەریقەتی (قادری) کە لە لایەن شێخ عبدالقادر گەیلانی و تەریقەتی (نەقشبەندی) ن ، کە لەلایەن ((مەولاناخالیدی نەقشبەدی)) ڕێبەری دەکرێن .

### گابانی کوردی

جێگای فەخر و شانازییە بۆ گەلی کورد ، کە لە شاخەکانی کوردستانەوە نوێنەری خۆیان گەیاندۆتە بیابانەکانی حیجاز ، بۆئەوەی لە حزووری ((پێغەمبەر)) (د.خ) ، شەرەفی بەشداریکردنی سەرەتاکانی بانگەوازی ئایینی ئیسلام بگرنە ئەستۆ ، لە ڕۆژگارێکدا کە تەمی زوڵم و ستەم کوردستان و ناوچەکەی تەنیبوو ، هەرچەندە چەند ڕێبازێکی ئایینی بەنمونەی (مانی) و (مەزدەك) و (ئاڤێستا) لە کوردستان بڵاوبووبۆوە ، بەڵام هێندە گشتگیر نەبوون و وەڵامی زۆر پرسیار و بابەتی ڕۆحییان پێ نەبوو ، ئەوەش گەلانی جیهانی لە چاوەڕوانی فریادڕەسێکدا هێشتبۆوە ، بۆ ئەو مەبەستەش فارسەکان ، (سەلمانی فارسی) نوێنەرییانبووە و ڕۆمەکان ، (سوهەیبی ڕۆمی) نوێنەرییانبووە و حەبەشییەکان (بیلالی حەبەشی) نوێنەرییانبووە ، نوێنەری کوردەکانیش(گابانی کوردی) بووە ، لەگەڵ کوڕەکەی (ابو بصیر) مەئموون کوڕی گابان) خۆیان گەیاندۆتە شاری مەککە بە جلوبەرگی کوردییەوە لە خزمەتی پێغەمبەر ((محمد)) (د.خ) دابوون . جگەلە (گابانی کوردی) گەلی کورد لە ڕێگای پیاوانی وەکو (پیروەت کوڕی بارام) و (بوغدوزی کوردی ) ییەوە هەوڵی پەیوەندییکردنیان بە ئاینی ئیسلامداوە ، بەڵام هەروەکو مێژوونوسان دەڵێن ((گابانی کوردی)) لە ساڵی 637ی (میلادی) خۆی گەیاندۆتە خزمەت پێغەمبەر تاوەکو بەرەکەتی پەیامی پیرۆزی ئیسلام وەکو خۆی بگەیێنێتەوە کوردستان ، کە ئەوکات زوڵم و ستەم جیهانی تاریککردبوو، هەرچەندە چەند ڕێبازێکی ئایینی بە نمونەی (مانی) و (مەزدەك) و (ئاڤێستا) لە کوردستان و ناوچەکە پەیڕەودەکران ، زۆر لە مێژوونوسان باسی (گابانی کوردی) دەکەن ، بۆنمونە (ئەمین زەکی بەگ) و (جەمیل ڕۆژبەیانی) دەربارەی ڕەچەڵەکی (گابانی کوردی) ئەوەیان ساغکردۆتەوە ،کە گابانەکان هۆزێکی ڕەسەن و

ڕۆشنبیری کوردن لە (جوانڕۆ) ژیاون و دواتر بەرەوخوارو کۆچیانکردووە و شاری (حیللە) یان لە ساڵی497 لە عێراق دروستکردووە ، دەربارەی وشەی (گابان) بەهۆی ئەوەی لە زمانی عەرەبیدا پیتی < گ > نییە و عەرەب دەنگی [ گ ] دەکەنە [ج] لە سەرچاوەکانیاندا بە (جابان الكردي) نوسراوە واتە (گابانی کوردی) ، تەنانەت هەندێ سەرچاوەی مێژوویی (خێڵی جاف) کە دەیان هۆز و تیرەن لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان ، بە نەوەی گابان(جابان)ەکان لە قەڵەمدەدەن ، هەروەها (ابن حجری العسقلاني) لە (كتابة الاصابة فی تميز الصحابة) دەربارەی (گابانی کوردی) دەڵێ : (گابانی کوردی) زیاتر لە دە فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە بۆ گێڕاوەتینەوە . هەروەها(ابو بصیر) مەئموون کوڕی گابانی کوردی) لە خزمەتی پێغەمبەردا بووە و بەهۆی کاروچالاکییەکانیشییەوە لە پێناوی ئیسلامدا قوڕەیشییەکان بەندیانکردووە ، تاوەکو کۆچ نەکات .

**بارودۆخی کوردستان لە سەردەمی خەلافەتدا**

لەو کاتەوەی کورد کەوتە ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی ڕاستەوخۆ کەوتە ژێرکاریگەری مامەڵەی ئەم دەوڵەتە (ڕاشیدی ، ئومەوی ، عەباسی) . لە سەردەمی ڕاشدین دا کورد هیچ جۆرە چالاكییەکی سیاسی نەبوو ، بەڵام لە سەردەمی ئومەوی و عەباسیدا هەندێجار ڕاپەڕین لە هەندێ شوێنی کوردستان دەکرا ، ئەو ڕاپەرینانەش بە دوو شێواز بوو :

1-بەشداری کورد لە ڕاپەڕین و بزاڤەکانی خەواریج و عەلەوییەکان : بۆ نموونە لە سەردەمی ئومەوی و عەباسیدا هەندێ لە کوردەکان یارمەتی خەواریج و عەلەویەکانیان دەدا لە دژی عەباسی

2- ئەو ڕاپەرینانەی کە کوردەکان خۆیان لە دژی عەباسی کردوویانە: لەوانە ڕاپەڕینی کوردەکانی دەوروبەری موصڵ بە سەرکردایەتی جعفری کوڕی میر حەسەن . بەڵام ئەنجامی هەموو ئەم ڕاپەڕینانە دامرکایەوە.

**- میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی عەباسیدا**

**لە سەردەمی عەباسیدا چەند میرنشینێك سەریانهەڵدا کە بریتین لە :-**

**1-میرنشینی حەسنەوەیهی** (348ک-959/406-1015ز)

ئەم میرنیشینە لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکاندا سەری هەڵدا،ناوی ئەم میرنشینە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی حەسنەوەی کوری حوسینی بەرزیکانی .

-**2میرنشینی شەدادی** :- (340 – 595 **ک** / 951 – 1198 **ز** ):

ئەم میرنیشینە لە ناوچەکانی هەرێمی تاران دەرکەوت، کە دەکەوێتە نێوان هەرێمی ئازەربیجان و ئەرمینیا، لە گرنگترین شارەکان کە لەژێر دەسەڵاتی ئەم میرنیشینە بووە، بەرزەعە، دبیل، گەنجە، ...هتد.

ناوی ئەم میرنیشینە دەگەرێتەوە بۆ شەداد کوڕی قرتق .

**3-میرنشینی رەوادی :-** (337 **ک**– 462**ک** / 948 – 1071**ز**) ئەم میرنیشینە لە ئازەربیجان لە نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی و دەیەمی زاینی دەرکەوت، یەکەم میری ئەم میرنیشینە میر محمد کوڕی حوسێن ڕەوادی بووە .

4-**میرنشینی مەروانی (دۆستەکی) :** (373-489**ک**/983-1096**ز**) سەرەتای دامەزراندنی ئەم میرنشینە بۆ حوسێن کوڕی دۆستەک لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زاینی دەگەڕێتەوە, کە ناسرابوو بە باد کوردی .

**5میرنشینی عەنازی :-** (381-511**ک**/991-1017**ز**)

ئەم میرنشینە لەناوچەی حەلوان لەنێو هۆزی کوردە شازنجانیەکان سەری هەڵداوە .ئەبو فەتح کوڕی عەتەنار بەیەکەم میری ئەم میرنشینە دادەنرێت کە دەسەڵاتی لە ساڵی (381ک/991ز)ی دەستپێکردووە, میرنشینەکەلە ساڵی(511ک/1117ز) بە دةستی سةلجوقییةكان دةروخيت.

**6میرنشینی هەزەبانی :-**(437-534**ک**/1046-1139**ز**).

ئەم میرنشینە لە شاری هەولێر دەرکەوت لەنێو هۆزی کوردە هەزبانیەکان،جگە لە شاری هەولێر ناوچەکانی دەوروبەری هەولێریشی گرتبۆوە،دامەزرێنەری ئەم میرنشینە بۆ میر عیسا کوڕی موسای هەزبان دەگەڕێتەوە،

## - چەند لایەنێکی شارستانیەتی کورد لە سەردەمی ئیسلامیدا

### - دەوڵەتی ئەیوبی و ڕۆڵی ڕابەرایەتی سەلاَحەدینی ئەیوبی

(ئەبوو موزەفەر یووسفی کوڕی ئەیوب) ناسراو بە (صلاح الدینی ئەیووبی) یەکەمین گەورە پیاوی کوردە کە لە هەموو جیهاندا ناسراو و بەناو بانگە، سەلاحەدین لەخێزانێکی کوردی سەر بە یەکێك لە هۆزە کوردییە ناودارەکان بە ناوی هۆزی ڕەوادی لە دایك بووە ، شوێنی نیشتە جێبوونی هۆزی ڕەوادیش لە نزیك شارۆچکەی دوین لە ئەرمەنستاندا بووە ، سەرەتا لە دژی فاتیمیان و دوایی لە دژی خاچپەرستان دەرکەوت و شاری قودسی پاش سەد ساڵ خستەوە دەستی موسڵمانان
سەرلەشکری موسڵمانان بوو کە دەوڵەتی ئەیوبی لە سەدەی (12ز) لە سوریا دامەزراند کە تا ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوای کوردستان فەرمانڕوایی دەکرد بە خوراسان و میسر و یەمەنیشەوە ، بەلاَم دەوڵەتی ئەیووبی دەوڵەتێکی کوردی نەبوو ، بەڵکو لەسەر بنەمای ئایین دامەزرابوو.

### - ڕۆڵی شارستانی زانایانی کورد لە مێژووی ئیسلامدا

لە ئاکامی پرۆسەی فەتحی ئیسلامی و بونی دەڤەرە کوردنشینەکان بە پارچەیەك لە دەوڵەتی ئیسلامی ، زۆربەی هەرە زۆری میللەتی کورد بوونە موسڵمان ، هەر لەو سەردەمەدا چەند زانایەکی کورد کە خۆیان بە خوێندن و فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ) خەریك کردبوو ئەمانە لە شارەکانی بەغداو بەصراو کوفەو واست نیشتەجێبوون و توانییان ئاشنایەتی لە گەڵ زمانی عەرەبی پەیدا بکەن و ببنە خوێندەوارو ڕۆشنبیر ، بەمەش توانیان بە بەرهەمەکانییان خزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بکەن و شوێن پەنجەیان دیاربێت لەوانەش: ( جابانی کوردی ،مەیمونی کوڕی جابان ، ابو یحیی کوڕی مەیمون ، احمد بن عبدالله ...هتد) ئەمانە دەستێکی بالاَیان هەبووە لە وەرگرتن و لەبەرکردتنی فەرمودەکان و گێڕانەوەیان بۆ شاگردانی .

کۆلێژی پەروەردە

## سێیەم : مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد

**–سەرهەڵدان و بوژانەوەی میرنشینە کوردییەکان**

**1- میرنشینی سۆران : (میر محمد) کە بە پاشای کۆرە ناسراوە بە دامەزرێنەری میرنشینی سۆران دادەنرێت لە ساڵی 1399. سنوری میر نشینەکە ئەوەندە فراوان بووە کە بە شێکی گەورەی کوردستانی باشوری گرتۆتەوە و پایتەختەکەشی شاری ڕەواندز بووە .**

**2-میرنشینی بۆتان : (میرعبدالعزیز) بە دامەزرێنەری ئەم میرنشینە دادەنرێت ، کە لە ناوچەی جزیرە لە باکوری کوردستان دروست بووە و پایتەختەکەیان شاری جزیرە بووە .**

**3-میرنشینی بابان : میر سلێمان کە ناسراوە بە بابا سلێمان یان سلێمان بەبە ، بە دامەزرێنەری ئەم میرنشینە دادەنرێت . لە ساڵی 1649 سەرەتا لە قەزای پشدەر (قەڵادزێ) دامەزراوە .**

**4- میرنشینی بادینان : ئەم میرنشینە لە ساڵی (1262) ز لە لایەن (شێخ بەهاددین شێخ شەمسەدین ) لە ناوچەی ئامێدی دامەزراوە .**

**5-میرنشینی ئەردەلان : لە ساڵی 1169 لەلایەن بابا ئەردەلانەوە دامەزراوە . حکومەتێکی نیمچە سەربەخۆ بووە ، کە بۆ ماوەی 700 ساڵ فەرمانڕەوایی بەشێك لە کوردستانی کردووە .**

### -هۆکارەکانی ڕوخانی میرنشینە کوردییەکان :

**هۆکاری سەرەکی ڕووخانی هەموو میرنشینەکان دەوڵەتی عوسمانی بوو جگە لە میرنشینی ئەردەلان . کاتێك سوڵتان محمودی دووەم هاتە سەر تەخت ، بڕیاریدا هەموو میرنشینەکان لە ناوببرێن .**

**1-لەبارەی ڕووخانی میرنشینی سۆران هۆکاری زۆر باسکراوە ، ئەوەی زۆرتر باس دەکرێ هۆی ڕووخانی دەگەڕێننەوە بۆ فەتواکەی (مەلای خەتێ) کە گوتبوی (هەرکەس بچێتە شەڕی خەلیفەی عوسمانی ئەوا بێ ئیمان دەمرێ) بۆیە میری سۆران شەڕی نەکرد و خۆیدا بە دەستەوە.**

**2-هەمان ئەو لەشکرەی کە چوو بۆ داگیرکردنی میرنشینی سۆران ، چووە میرنشینی بادینان و داگیری کرد.**

**3-هۆکاری سەرەکی ڕووخانی میرنشینی بۆتانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شەڕە زۆرانەی نێوان کوردو ئاشورییەکان موبالەغەکردنی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەوڕوپا وای کرد وڵاتانی ئەوروپا لە سەر مەسیحییەکان بێنە دەنگ .بەمەش گوشاریان خستە سەر دەوڵەتی عوسمانی کە هەرچی زووترە هێرش بکاتە سەر میرنشینی بۆتان و کۆتایی بەو کوشتارە بێنی .**

4-دوای ڕووخانی هەردوو میرنشینی سۆران و بۆتان لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی ئیدی هیچ پێویستییەك نەمابوو بۆ مانەوەی میرنشینی بابان ، ئەمە بێجگە لەوەی میرنشینەکە هەرخۆشی زۆر لاواز ببوو ، چونکە میری بابانەکان خەریکی ململانێ و دژایەتی یەك بوون و لە ململانێدا بوون لە گەڵ میرنشینی ئەردەلان و سۆران.

-5میرنشینی ئەردەلان لە ساڵی 1867 خۆی هەڵوەشایەوە ئەویش بە هۆی نزیکی میرەکان لەگەڵ شای ئێران .

## -کوردستان لە ململانێی وڵاتانی هەرێمیدا

هەر لە کۆنەوە کوردستان ببوە شوێنی ململانێی نێوان دەوڵەتە هەرێمییەکان بەتایبەتیش دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی ، هۆکاری سەرەکی ئەم ململانێیەش کە زیاتر لە سێ سەدەی خایاند ئەوەبوو هەردوولا چاویان بڕیبوە کوردستان بۆ ئەوەی داگیری بکەن ، سەرەتای ئەم ململانێیەش لە جەنگی چاڵدێران دەست پێدەکات :

### شەڕی چاڵدێران

لە ساڵی 1514 لە نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان ڕوویدا، لەشکری عوسمانییەکان بە سەرکردایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم و لەشکری سەفەوییەکانیش بە سەرکردایەتی شا ئیسماعیلی سەفەوی بوو لە (23) ی ئابی 1514 لە دەشتی چاڵدێران باکووری ڕۆژئاوای دەریاچەی (ورمێ) لەسەر خاکی کوردان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە ، بەسەرکەوتنی عوسمانییەکان کۆتایی پێ هات. دوای ئەم شەڕە بۆ یەکەم جار کوردستان لە مێژوودا دابەشکرا ،بەشی ڕۆژهەلاتی لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی سەفەویدا مایەوە و بەشە زۆرەکەی تریشی کەوتە ژێر دەستی عوسمانییەکان .

لە دوای ئەم جەنگە ، شەڕو ململانێ لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتە دەستی پێکرد و لەو ماوەیەشدا هەندێجار پەنایان دەبردە بەر ڕێکەوتننامە لەوانە :

**ڕێکەوتننامەی ئاماسیا** 1555 کە بە یەکەم پەیماننامە دادەنرێ لە نێوان عوسمانیەکان و صەفەوییەکان ، لە دوای ئەمە دووبارە جەنگ سەری هەڵدایەوە تا دیسان پەیماننامەیەکی تریان مۆرکرد بەناوی

**پەیماننامەی زەهاو 1639** لە نێوان سوڵتان مورادی چوارەمی عوسمانی شا صەفی ئێران کە کوردستان لەنێوان هەردوولا دابەشکرا.

**كوردو بزافی ڕێكخراوەیی لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا :**

1- **كۆمەڵەی عەزمی قەومی:** یەكەمین ڕێكخراوی كوردییە لە ساڵی 1900 لە باشوور دامەزرا (فكری ئەفەندی دیاربەكری) بە دامەزرێنەری ئەم كۆمەڵەیە دادەنرێت .

2-**كۆمەڵەی تعاون و تەرەقی كورد :** لە ساڵی 1908 دامەزرا ، (عبدالقادر نەهری) سەرۆكی یەكەمی ئەم كۆمەڵەیە بوو . ئەم كۆمەڵەیە لە زۆربەی شارەكانی باكورو باشور لقی هەبوو.

3-**كۆمەڵەی هێڤی :** كۆمەڵەیەكی سیاسی و ڕۆشنبیری بوو لە لایەن ژمارەیەك قوتابی لە ئەستەنبۆل 1912 دامەزرا.

**كورد لە كۆنگرەو پەیماننامە نێو دەوڵەتییەكاندا :**

**1-پەیمانی سایكس بیكۆ:** ئەو پەیمانە لە ساڵی 1916 لە نێوان ( بەریتانیا و فەرەنسا ) بوو ، بە پێی ئەم پەیمانە كوردستان بەسەر چوار وڵات دابەش كرا، بەشی هەرە گەورەی كوردستان بەر وڵاتی توركیای تازە دروست كراو كەوت

**2-پەیمانی سیڤەر:** ئەم پەیمانە لە 10ی ئابی ساڵی 1920 لە شاری سیڤەر لە فەڕەنسا لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هێزە هاوپەیمانەكان (ئینگلتەرا و فەرەنساو ئیتالیا) مۆركرا . بە پێی ئەم پەیمانە ناوچەی حیجازو ئەرمینیا و كوردستان پێویستە لە دەوڵەتی عوسمانی جودا ببنەوە و سەربەخۆبن.

**3-پەیمانی لۆزان :** 24ی تەموزی 1923 لە نێوان هاوپەیمانەكان و توركیا ئیمزا كرا . بەندی 38و 39 تایبەت بووە بە كێشەی كورد . بە پێی ئەم بەندانە حكومەتی توركیا بەڵێن دەدات پارێزگاری هەموو دانیشتوان بكات لە لایەنی گوزەران و سەربەستییان بەبێ جیاوازی لە ڕەگەزو زمان و ئایندا .

**كۆماری كوردستان لە مهاباد**

كۆماری مەهاباد لە22ی كانونی دووەمی 1946 بە سەرۆكایەتی قازی محمد دامەزرا. لەگەڵ ئەوەی ئەم كۆمارە كەمتر لە ساڵێكی خایاند ، بەڵام چەند كارێكی گرینگی ئەنجامدا لەوانە بۆ یەكەمجار زمانی كوردی بە زمانی فەرمی ناوچەكە ناسێنرا ، هەروەها چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە بە زمانی كوردی دەردەچون .دواجار ڕژێمی ئێران بە یارمەتی ئەمریكاو بەریتانیاو ڕوسیا توانی شاری مهاباد داگیر بكات و لە 17ی 12ی 1946 كۆمارەكە بروخێنن و قازی محمدو هەڤاڵەكانی لە 1947/3/3 لە گۆڕەپانی چوارچرا لە مهاباد لە سێدارە بدەن .

## جینۆساید

چەمکی جینۆساید

جینۆساید چەمکێکی نوێیە بۆ تاوانێکی دێرین و کۆن، دەڵێین چەمکێکی نوێ چونکە ئەم چەمکە لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە سەریهەڵداوە، واتە پێش ساڵی 1944 لەئارادا نەبووە. کە دەڵێین کۆن بەو مانایەیە کە ئەم کردە یان پرۆسەیە لە سەردەمانی زووەوە لەلایەن گروپە جیاوازەکانەوە لە دژی گروپی دیکە پیادەکراوە، یەکێک لە نموونە دیارەکان لە مێژوودا جینوسایدی هیندییە سوورەکانی ئەمریکا بوو لەسەر دەستی ئەوروپییە تازە کۆچکردووەکان بۆ ئەمریکا .

جینۆساید، وشەیەکی لێکدراوە، لە بنەڕەتدا لە دوو وشە پێکهاتووە، یەکەمیان یۆنانیە و دووەمیش لاتینیە، ( Genos )واتای رەگەز یان خێڵ یاخود بنەچە و رەچەڵەک دەگەیەنێ، بەشەکەی تریش ( Caeder)ی لاتینی یە کە واتای کوشتن و لەناوبردن دەدات. بەلێکدانی هەردوو برگەکە واتای کوشتنی رەگەزی مرۆڤ بەکۆمەڵ و قڕکردنی دێت.

کەواتە جینۆساید وەک چەمک ئاماژەیە بۆ کوشتنی بەکۆمەڵ، یان لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلێک، کەمینەیەک، تایفەیەکی دیاریکراو و هەولدان بۆ هەڵکەندنی لە رەگەوە لەبوارە جیاجیاکانی ژیانیەوە.

**جۆرەکانی جینۆساید:**

دەکرێ بڵێین جینۆساید چوارچێوەیەکی فراوانی هەیە، چونکە تەنیا کوشتن و لەناوبردنی مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵکو زۆر سیاسەت و کرداری دژ بە مرۆڤ و بوارەکانی ژیانی لەخۆ دەگرێت، وەک لایەنی فیزیکی و بایۆلۆژی و کولتوری و ئابووری.

بۆیە جینۆساید شێواز و جۆرەکانی ئەمانەن:

١ -جینۆسایدی فیزیکی (جەستەیی)

٢ -جینۆسایدی بایۆلۆژی

٣-جینۆسایدی کولتوری- نەتەوەیی

٤ -جینۆسایدی ئابوری



کۆلێژی پەروەردە

**جینوساید لە کوردستان**

هەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی 1921، پاش لکاندنی باشووری کوردستان پێوەی، دۆزی کورد بەردەوام دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان بووە لە عێراق. ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق نکۆڵییان لە مافی گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسدا کردووە و سیاسەتی دژ بە مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد بەرنامەڕێژ کراوە، ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکان کە حوکمی عێراقییان کردووە هەمیشە تاوانی گەورەیان لە دژی هاوڵاتییانی کوردستان ئەنجام داوە تەنها لەبەر ئەوەی کوردستانییان لە هەوڵی ڕەوا دابوون بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، هەرچەندە لە سەرەوە ئاماژە بە زۆربەی تاوانەکانی جینۆساید بەرامبەر کوردستان کرا بەڵام ئێمە بە پێویستی دەزانین کەمێک تێرو تەسەلتر ئاماژە بە چەند جۆرێکی (کیمیاباران، ڕاگواستن، ئەنفال ...) جینوسایدکردنی کورد لە کوردستانی باشوور بکەین .

- **ڕاگواستن:**

ڕاگواستنی کورد مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بۆنی زیاتر لە یەک ملیۆن کورد لە خۆراسان، هەروەها بوونی کورد لە میسر، ئەردن، لوبنان و زۆر شوێنی دیکە ئاماژەیە بۆ ئەگەری ڕاگواستنی کوردەکان بۆ ئەو ناوچە دوورەدەستانە لە کاتی جیاوازدا. لە عێراقیش ڕاگواستنی کورد بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دوای هاتنە سەرتەختی بەعسییەکان لە ١٩٦٣ دەستی پێکرد، بەڵام زۆر بە بەرنامە و بە شێوەیەکی سیستەماتیک ئەنجامدرا. کە لە ئەنجامدا زیاتر لە (٤٠٠٠) چوار هەزار گوندی کوردستان و چەندین شار و شارۆچکە وەکو قەلادزێ و سەیدسادق لە ماوەی نێوان ١٩٧٥-١٩٩٠ ڕاگوێزران. بەهەمان شێوە لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکانی سەدەی بیست لە تورکیاش زیاتر لە ٤٠٠٠ گوندی کوردستان خاپورکران و خەڵکەکەی بە زۆری بۆ ناوچە تورکنشینەکان ڕاگوێزران.

- **بەعەرەبکردن (تعريب) :**

بریتیە لە کرداری گۆڕینی نەژاد و ناسنامەی نەتەوەیی، لە نەتەوەیەکی ناعەرەبەوە بۆ نەتەوەی عەرەب. ئەم کردارە تەنیا مرۆڤەکان ناگرێتەوە بەڵکو جوگرافیا و کلتور و ئادگارە کۆمەڵایەتیەکانیش دەگرێتەخۆ. هەروەکو چون ئەم بەعەرەبکردنە لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بەردەوام ئەنجامدرواە، بەهەمان شێوە رژێمی سوریاش بە مەبەستی لە یەکتر دابڕینی کوردەکان پشتێنەی عەرەبی دروست کرد بە تایبەتی لە جەزیرە و عەفرین. هەروەها وڵاتی تورکیا و ئێرانیش هەمان سیاسەتیان پیادەکردووە لە باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

- ئەنفال :

ئەم ووشەیە لە ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆز (الانفال) وەرگیراوە بە مەبەستی شیواندنی مانا و واتاکانی قورئان و چواشە کردن، وە هەروەها ناوێکیشە عێراقیەکان (بەعسیەکان) لە زنجیرەک کردەوەی سەربازیان ناوە.

شالاوەکانی ئەنفال شێوەیەکی تایبەتی و هێرشێکی رەسمی بەرنامە دارێژراوی لەناوبردن بوو. کە لە 23ی شوباتی 1988 دەستی پێکردووە لە 6ی ئەیلولي 1988 کۆتایی هات ، رژێم لە شالاوەکانی ئەنفال دا ئامانج و مەبەستی تایبەتی هەبوو، بۆیەش بە چەند قۆناغێکی دیاری کراوی بەرنامە بۆ دارێژراو، هەر قۆناغەی بۆ ناوچەیەکی جوگرافی یان زیاتر بەرێوە دەچوو.

**قۆناغی یەکەم :**

ئەنفالی یەک بە هێرشکردنە سەر سەرگەلوو و بەرگەلوو لە 23ی شوباتی1988 دەستی پێکرد و لە ١٩ ئاداری هەمان ساڵ کۆتایی هاتووە. ئەم هێرشە لە چەند قۆڵێکەوە کرایە سەر ناوچەی جافایەتی، بە درێژایی (50) پەنجا میل لە بنگردەوە بۆ لای رۆژهەلاتی دەریاچەی دوکان و شارۆچکەی دوکان، لەوێشەوە بۆ شاری سلێمانی و شارۆچکەی ماوەت و چوارتای گرتەوە.

**قۆناغي دووەم:**

ئەنفالی دوو کە لە ناوچەی قەرەداغ ئەنجام درا، لە 22ی ئازاری 1988 دەستی پێکردوە و لە 1ی نیسان کۆتایی بە شالاوەکە هات ئەم هێرشە لە هەموو لایەکەوە ئابلۆقەی ناوچەکەی دا. ئەم شالاوە گوندەکانی تەکیە، بەلەکجار ، میولی، بانی مورد، چرچەقەلا، بەلەکان، دەربەند فەقیرە، قەرەداغ، ئۆقلا، جافەران، بوخشێن و سیۆسێنان،

**قۆناغي سێیەم:**

هەموو ناوچەی گەرمیانی گرتەوە ، کە لە ١٩٨٨/٤/٧ تا ١٩٨٨/٤/٢٠ بوو، ئەم پەلامارە ئەم ناوچانەی گرتەوە؛ چەمچەمال، سەنگاو، لەیلان، قادرکەرەم، نەوجول، دووزخورماتوو، کفری، کەلار، سەرقەلا، جەبارە، باوەنوور، تیلەکۆ، دەربەندیخان.

**قۆناغي چوارەم:**

له ۱۹۸۸/٤/۲۰ دەستی پێکرد و له ۱۹۸۸/٥/٥ کۆتایی هات له سنووری عەسکەر، گوپتەپە، ناوچەکانی ئاغجەلەر، چەمی ڕێزان، دەشتی کۆیە، تەقتەق و قەرەهەنجیر بوو.

**قۆناغي پێنجەم و شەشەم و حەوتەم:**

ناوچەکانی رواندوزو شەقلاوەی گرتەوە. له ۱۹۸۸/٥/۲٤ تا ۱۹۸۸/۸/۳۱، هێرش بۆ سەر ناوچەکانی قەلاتوکانو رەزگە و ساتێ و سپیلکی رواندوز، شاخی ئارموشە و بنەکاوڵ و هەندرێن و و زینی سەران و دوڵی ئاکۆیان، کێلێ، دەرگەڵە، سەروچاوە، وەرتێ، شاخی هەڵەموند و گەرووی مەجەڵ، زیارەت و کەپکی حەمەد ئاغا، کێل کێل، بەنی هەریر و گوندی فەقێیان و گەرەوان دەستی پێکرد .

**قۆناغي هەشتەم**

ناوچەکانی بادینانی گرتەوە له ۱۹۸۸/۸/۲٥ تا ۱۹۸۸/۹/٦. ئەم قۆناغە ناوچەکانی دەوروبەری دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ و شێخاني گرتەوە.

**ئەوەی شایانی ئاماژەیە نزیکەی ۱۸۲ هەزار هاوڵاتی کوردستان له ئۆپەڕاسیونەکانی ئەنفالدا بوونە قوربانی که زۆربەیان زیندەبەچاڵ کران له بیابانەکانی باشووری عێراق و ئەوانەی زیندەبەچاڵیش نەکران له ئوردوگا زۆرەملێکان نیشتەجێکران .**

- **کیمیاباران:**

چەکە کیمیاییەکان بە چەکی کۆمەڵکوژ لەقەڵەمدەدرێن و ئەو چەکانەی کە کۆمەڵگای نێودەوەوڵتی قەدەغەی کردوون بەپێی پروتوکۆلی ۱۹۲٥ لەبارەی بەکارهێنانی گازە خنکێنەر و ژەهراوییەکان و هاوشێوەکانیان هەروەها ئامرازە ڤایرۆسییەکان بەپێی ڕێکەوتنی چوارەمی لاهای لە ساڵی ۱۹۰۷ . حکومەتی عێراق ٤۰ جار چەکی کیمیایی دژی خەڵکی مەدەنی کورد و گروپە کوردییە چەکدارەکانی بەکارهێناوە لە ماوەی نێوان ۱٥ نیسانی ۱۹۸۷ تاکو ۲٥ ئابی ۱۹۸۸ . یەکەمجار فرۆکە عێراقییەکان لە ۱٥ نیسانی ۱۹۸۷ گوندەکانی (سەرگەلو، بەرگەلو و یاخسەمەر و هەلەدن چالاوە و چنارونی و ئاوەزێ و کانیتوو به چەکی کیمیایی بوردومان کردن لە میانەی ئۆپەراسیونەکانی ئەنفالدا بە شێوەیەکی چڕ کیمیاباران بەکارهات و تا کار گەیشتە ئەوەی لە ۱٦ ئاداری ۱۹۸۸ لە دژی شاری هەلەبجە بەکاربهێنن کە ژمارەی دانیشتووانی ئەوکات دەگەیشتە ٥۰۰۰۰ کەس، کە خەڵکێکی مەدەنی یەکجار زۆر بوونە قوربانی و بەپێی مەزندەکان نزیکەی ٥۰۰۰ کەس بوونە قوربانی و نزیکەی ٥۰۰۰ کەسی دیکەش بریندار بوون، تەنانەت ئاژەڵ و باڵندەکانیش رزگارییان نەبوو .

**جینۆسایدی ئێزیدیەکان:**



[watermark]

تاوانەکانی جینۆساید لە دژی هاوڵاتییانی کوردستان لە لایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە لە ماوەی نێوان (2014 – 2017 ) :

ئێزیدییەکان کوردی ڕەسەن و گروپێکی ئاینین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆربەشیان لە نزیک پارێزگای موسڵ و ناوەندی قەزای شەنگاڵ و دەوروبەری، بەشێکی تریان لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جۆرجیا و ئەرمینیا دەژین.

زۆربەی ئێزیدییەکان لە عێراق لە ڕووی ئایینەوە پەیوەستن بە خاکی (لالش)، کە وای ئەژمار دەکەن پێش هەموو کەسێک بۆ ئەوان و تەواوی ئێزیدییەکانی جیهانە، سەرژمێرییەکانی ئێزدی لە عێراق (500 بۆ 700) هەزار کەسە و کەوتوونەتە هەردوو شاری (شێخان) باکوری پارێزگای موسڵ و (شەنگال) لەسەر سنووری سوریا، بە درێژی (80) کیلۆمەتر دووری پارێزگای موسڵ، کە چەندین شارۆچکە و گوندی گەورە و بچووک و ئۆردوگای نیشتەجێبوون لە خۆ دەگرن.

لە مێژووی دوور و نزیکدا ئێزیدییەکان ڕووبەڕووی لەناوبردن و جینۆساید بوونەتەوە، زۆربەی سەرچاوەکانی ئێزیدییەکان خۆیان دەڵێن ئێزدییەکان ڕوو بە ڕووی زوڵم و چەوسانەوە و کوشتن و لەناوبردن بوونەتەوە. دواترینیان کۆمەڵکوژیی و تاوانی جینۆسایدی خەڵکی شەنگال لە لایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە، ڕۆژی (2014/8/3) تۆمارێکی ترە لە مێژووی ڕەشی داگیرکەرانی کوردستان، ئێزدییەکان لەبەر کورد بوون و ئێزیدی بوون تووشی ئەو ماڵوێرانیی و کۆمەڵکوژییە هاتن، دیمەنەکانی شەنگال و چیای شەنگال، نابێت مرۆڤایەتی لەبیری بکات، ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکەی دیمەنی ئەو هەموو پیر و مناڵ و ژن و پیاوانە هەموو لایەک دەبێت بخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی یاسایی و ویژدانی.

پەروەردە

# بەشی زمان

کۆلێژی پەروەردە

## زمان چییە؟

زمان یەکێکە لە پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ ، هەر لەوکاتەی مرۆڤەکان بەکۆمەڵە لەگەڵ یەکتردا نیشتەجێبوون تادەگاتە ئەمڕۆ، کەواتە هیچ کۆمەڵە مرۆڤێك ناتوانن بەیەکەوە کۆببنەوە و پەرە بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بدەن بەبێ بوونی زمان . چونکە بەهۆی زمانەوە مرۆڤ سەرجەم کارەکانی رۆژانەی خۆی ڕادەپەڕێنێت و ئەندامانی کۆمەڵ داوای یارمەتی و هاریکاری لەیەکتر دەکەن ،هەروەها زمان ئەرکێکی گەلێك پیرۆزتری هەیە ئەویش ئەوەیە مرۆڤەکان بەهۆی زمانەوە هەرچی پەیوەندی بەکەلتوور و ناسنامە و شارستانیەت و ئەدەبەوە هەیە دەیپارێزن و بۆ نەوەکانی داهاتوویان وەك مێژوو و ئەرشیف بەجێیدەهێڵن .

سەبارەت بەپێناسەیەکی گونجاو بۆ زمان، تا ئێستا زانایان نەیانتوانیوە و بگرە لەداهاتووشدا ناتوانن لەسەر پێناسەیەك ڕێکبکەون، چونکە هەریەکەیان هەوڵ دەدات لە گۆشەنیگای پیشەکەی خۆیەوە و لەڕوانگەی تێگەیشتنی خۆی بڕوانێتە ئەم دیاردە ئاڵۆزە و جگەلەمەش لێکۆڵینەوە لە زمان چەندین لایەنی زانستی لەخۆ دەگرێت ، کەواتە هەر کەسە و گرنگی بەم لایەنەی زمان دەدات کە بۆ ئامانجەکەی خۆی سوودبەخشە. بۆ نموونە فەلسەفە گرنگی بە پەیوەندی زمان بە لۆژیکەوە دەدات ، دەروونناسی گرنگی بە پرۆسەی فێرکردنی زمان دەدات، ئیستاتیکا زمان وەکو کەرسەیەکی ئەدەبی سەیر دەکات ، ئەندازیاری دەنگ گرنگی بەلایەنی فیزیکی زمان دەدات ، کۆمەڵناسی وەکو ئامرازێك بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەڕوانێتە زمان ، زمانەوانی زیاتر گرنگی بەلایەنی ڕێزمانی و ڕێزبوونی کەرەسەکان دەدات . کەواتە هەریەکەیان لەڕوانگەیەکەوە بۆچوونی خۆی ئاڕاستەی زمان کردووە .

**زمانەوانی دەروونی** بوارێکی زمانەوانییە ، کە زمان و دەروون لێکدەداتەوە و لە سەدەی 19 دا سەری هەڵداوە و پێی وایە زمان ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی دەروونی و شێوازی بیرکردنەوەی تاکە ،لەو بارەیەوە یەکێك لەو زانایانەی ، کە بە لایەنی دەروونی زمان کاریگەرە ( **ساپیر** ) ە ،کە دەڵێت: ( زمان هۆیەکی ناغەریزییە، تایبەتە بەمرۆڤ و بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت و بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتووەوە کاردەکات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە) . واتە زمان شتێك نییە مرۆڤ لەباوانییەوە بۆی بمێنێتەوە، بەڵکو لەدەوروبەری وەری دەگرێت، ئەم پێناسەیە کۆمەڵێك کەموکورتی تێدایە چونکە زمان تەنیا تایبەت نییە بەمرۆڤ، بەڵکو گیاندارانیش زمانیان هەیە هەرچەند سادەش بێت. بێجگە لەمەش ئەرکی زمان تەنیا بۆ دەربڕینی هەست و سۆز نییە، بەڵکو زۆرجار بۆ گفتوگۆ و سڵاوکردن ...تاد بەکاردێت . هەروەها پێناسەکە دەڵێت زمان لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە کەئەمەش ڕاست نییە، چونکە مرۆڤ زمان فێر دەبێت ، بەڵام ناتوانێت بیگۆڕێ ، کاتێك زمان لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە کە بتوانێت یاساکانی بگۆڕێت . **زمانەوانی کۆمەڵایەتیش** وەکو لقێکی زمانەوانی لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە پێناسەی زمان دەکات و زمان بەبوونی کۆمەڵەوە دەبەستێتەوە ، لەو بارەیەوە (ئەرستۆ) دەڵێت : (( زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە دەنگەکانی هێمای زاراوەین و هیچ پەیوەندییەکی سروشتی و ڕاستەوخۆیان بە واتاوە نییە )) . بەواتایەکی تر زمانەوانی کۆمەڵایەتی ، زمان وەکو فاکتەرێکی سەرەکی لە ژیانی کۆمەڵگە دادەنێت ، کە پەیوەندی کۆمەڵانی خەڵك لە کۆمەڵگەدا پتەوتر دەکات .

## گرنگی زمان :

زمان شوناس و مۆرك و ڕەسەنایەتی نەتەوەیە ، هەروەکو مێژوونوسی فەرەنسی (فێرمان برادێل) دەلێت : زمان یەکسانە بە نەتەوە ، زمان ئەدگاری جیاوازی مرۆڤایەتییە وپاراستنی زمان، کلیلی ڕزگاری ژێردەستەییە .گرنگی زمان لە گوزارشتکردنی بیر و بەرجەستەکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ و ناساندنی کۆمەڵ و نوسینەوەی مێژوو و لێکتێگەیشتن و تۆمارکردنی داهێنانە .

**جۆرەکانی زمان :**

**بە شێوەیەکی گشتی زمان دوو جۆرە**

**1- زمانی قسەکردن**

لە سەرەتای پەیدابوونی ئادەمیزاد لەگەڵ پەرەسەندنی ژیان و پێداویستییەکانی مرۆڤ زمانی قسەکردن پەیدابووە ، چونکە لە سەرەتای پەیدابوونی جۆروکانی نوسین بۆمان دەردەکەوێت ، کە سەرەتا مرۆڤەکان لە ڕێگەی بانگ و قیژە و فۆڕمەڵەبوونی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دەنگی وەکو فیچەرێکی سەرەکی زمانی قسەکردن بەکارهێناوە کەواتە زمانی قسەکردن پێش زمانی نوسینە . زمانی قسەکردنیش لە ڕووی جەوهەرییەوە هەڵگری چەندین ئەدگاری جیاوازە

1- منداڵ سەرەتا فێری قسەکردن دەبێت ، نەك نوسین .

2- زۆر زمان هەن ، کە تاوەکو ئێستاش شێوەی نوسینیان نییە !

3- زمانی قسەکردن لە زمانی نوسین گرنگترە بەوەی ، کە هەڵگری چەندین تایبەتمەندییە لە ڕووی ئاواز و هێز و باری دەروونی و ژینگە و شوێن و کاتی ئاخاوتن .

**2- زمانی نوسین**

نوسین زمان نییە ، بەڵکو هەوڵی مرۆڤە بۆ پاراستنی قسە لە فەوتان ، قسە و نوسین دوو هەوڵی مرۆڤن بۆ پاراستنی بەکارهێنانی زمان ، زمانی نوسین دووجار دوورکەوتنەوەیە لە حەقیقەت ، چونکە نوسین شتێك دەنوێنێ (پیت) ،کە خۆی ڕەمزە ( دەنگ ) لەگەڵ ئەوەشدا زمانی نوسین گرنگە بەو مانایەی قسە و باسی ڕابردوو لە فەوتان دەپارێزێت و بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ ناتوانێ هەموو شتێکی لە بیر بمینێت .

## تایبەتمەندییەکانی زمان

1. زمان پێڕەوە: مەبەستمان لەپێڕەو ئەو کۆمەڵە یاسایەیە کە زمان بەهۆیەوە کاردەکات، ئەگەر زمان خاوەنی پێڕەوێکی تایبەتی نەبێت ئەوا کەس ناتوانێ فێری ببێت. لەڕاستیدا زمان لەدوو پێڕەوی سەرەکی پێك دێت، کە ئەمانەن:

ا. **پێڕەوی** دەنگ: بریتییە لەو هەموو دەنگە جۆر بەجۆرانەی کە مرۆڤ دەتوانێ دەریان ببڕێ. هاوزمانان یان قسەپێکەرانی زمانێك تەنیا ژمارەیەکی کەمیان لێهەڵبژاردووە و بەکاری دێنن، لەناو ئەم ژمارەیەشدا ژمارەیەکی کەمتریان لەیەکدەدن بۆ بەدەست هێنانی واتا. بۆ نموونە لەو حەفتا دەنگەی کەمرۆڤ دەتوانێ دەریان ببڕێ کوردزمانان نزیکەی تەنیا (40.35) دەنگیان لێهەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی کە ئاخاوتنی پێ ئەنجام بدەن، زمانی عەرەبیش تەنیا (28) دەنگی لێهەڵبژاردووە. پێڕەوی دەنگی زمان ڕێگەی ئەوەمان دەدا کە ژمارەیەکی کەمی دەنگ دووبارە و سێ بارە بکەینەوە و لە ڕۆنانی جیاجیادا بەکاریان بهێنین، بۆ ئەوەی دانەی واتایی دروست ببێت .

ب. **پێڕەوی** واتا: پێڕەوی واتاییش ڕێگەی ئەم دانە واتاییانە(مۆرفیم) دەدات کە لە ژمارەیەکی زۆری وشەدا دووبارە ببنەوە، هەتا مرۆڤ بتوانێ بەئاسانی لەچوارچێوەی زمانەکەیدا چەمکی سادە و ئاڵۆز دەرببڕێ . دەتوانین بڵێین : هەردوو پێڕەوی دەنگ و واتا بە دوو پێڕەوی تەواوکەری یەکتر دادەنرێن لە زماندا ، چونکە دووبارەبوونەوەی سیستەماتیکانەی دەنگ بە گوێرەی قاڵبەکانی بڕگەی زمانەکە ، یەکەی واتادار بەرهەم دێنێت .

2. زمان ڕەمزە: کاتێك کەدەڵێین دەنگەکانی زمان ڕەمزن، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەم دەنگانە شتێك ئەنوێنن کە خۆیان نین و پەیوەندی نێوان شتەکە و ئەو دەنگەی کە دەینوێنێ پەیوەندییەکی لەخۆوەیە. بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر ڕەمزمان هەیە:

ا. **ڕەمزی وێنەیی:** کە تیایدا پەیوەندی هەیە لەنێوان دەنگ و واتای شتەکە، وەك دەستبردن بۆ دەم کە مەبەستی برسییێتی دەگەیەنێ ، یاخود دەستڕاوەشاندن کە مەبەستی هەڕەشە دەگەیەنێ .

ب. **ڕەمزی هۆیی:** وەك زەرد هەڵگەڕان یان سووربوونەوە لەئەنجامی شەرم یان توڕەییەوە. هەور نیشانەی بارانە، سەهۆڵبەندان نیشانەی نزم بوونەوەی پلەی گەرمایە.

ج. **ڕەمزی لەخۆوە:** لەم جۆرەیاندا هیچ پەیوەندییەك لەنێوان دەنگ و واتادا نییە، بۆ نموونە بلێسە یان مەشخەڵ بە واتای خوێندەواری ، خۆر بە واتای ئازادی و سەربەستی بەکاردێت. ڕەمزی لەخۆوە پێویستی بەلێکدانەوە هەیە، تا تێت نەگەیەنن واتاکەی تێناگەیت.

3. زمان دەنگە: مەبەستمان لەوەیە کە زمان لەدرکاندن و وەرگرتنیدا پێویستی بە قەناتی دەم و گوێ هەیە و بەلایەنی کەمەوە بۆ ئەم مەبەستە دەبێ قسەکەرێك و گوێگرێکمان هەبێ، ئەو دوو کەسەش کە قسەکەر و گوێگرن دەتوانن دەورەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن بەواتای ئەوەی قسەکەر دەتوانێ ببێ بە گوێگر و گوێگریش بەقسەکەر . لەسەرێکی ترەوە زمان دەنگە، چونکە نووسین زمان نییە، بەڵکو بریتییە لەو هەوڵەی کە مرۆڤ داویەتی بۆ پاراستنی قسە.

4. زمان تایبەتە بەمرۆڤ: لە کۆنەوە وا باوە کە زمان مرۆڤ لە هەموو گیاندارانی تر جیا دەکاتەوە ، چونکە مرۆڤ بەتەنیا بەهرە و و توانای قسەکردنی تێدایە، هەرچەندە ئەوە ڕوون بۆتەوە کە ئاژەڵ و پەلەوەر و گیانلەبەرانی تر بەگشتی پەیڕەوێکیان هەیە بۆ لەیەکترگەیشتن ، بەڵام زۆر سادەیە و زمانی ئەو گیانلەبەرانە(ئەگەر بە زمان دابنرێت) لەچالاکی دا زۆر لە زمانی مرۆڤ نزمترن و ڕێگەی گیانداران نادەن کە درۆ بکەن، یان شت لە زمانی ترەوە وەربگێڕن، یاخود لەڕابردوو یان پاشە ڕۆژیان بکۆڵنەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیانە پێڕەوەکانیان ناچێتە ڕیزی زمان و بەها زمانی نادرێتێ.

## خێزانە زمانەکانی جیهان

زمانناسان خێزانە زمانەکانی جیهانیان بەسەر چوار خێزانە زمان دابەشکردووە ، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە : –

یەکەم : خێزانە زمانی هیندۆئەوروپی : ئەم خێزانە لە کۆمەڵێکی گەورەی زمانەکانی جیهان پێکهاتووە ، کە لە ڕەگەز و بنچینەدا نزیکن لە یەکترەوە و ئەو گەلانە دەگرێتەوە کە بەم زمانانە دەدوێن و دەکەونە ناوەڕاستی ئاسیا و ئەوپەڕی کەناراوەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا . کە چەند کۆمەڵەیەك دەگرێتەوە :–

1– کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتی : بە هیندۆ– ئاری ناسراوە ، کە زمانەکانی میتانی و سانسکریتی و ماد و ئەخمینی دەگرێتەوە ، کە بەسەر دوولق دابەش دەکرێت:

أ– لقە کۆمەڵەی هیندی : کە زمانەکانی (بنجابی، کۆجاراتی، بەهاراتی ، بەنگالی ، هیندی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی ، باراکراتی ، راجاسانی ) دەگرێتەوە .

ب– لقە کۆمەڵەی ئێرانی : کە زمانەکانی ( فارس کۆن ، فارسی نوێ ، کوردی ،ئەفغانی ،بلووجی ) دەگرێتەوە .

کۆمەڵەی ڕۆژئاوایی : ئەم کۆمەڵەیە پێکدێت لە

1– زمانە جەرمانییەکان : کە زمانەکانی ئەڵمانی ، ئینگلیزی ، دانیمارکی ، هۆڵەندی و زمانە ئەسکەندەنافییەکان دەگرێتەوە .

2– زمانە سلاڤییەکان : زمانە ڕووسی و پۆڵەندی و چیکی و سلۆڤاکی و یوگسلافی دەگرێتەوە .

3– زمانە لاتینییەکان یان ڕۆمانییەکان : کە زمانەکانی ئیتاڵی ، فەرەنسی ، ئیسپانی و پرتوگالی دەگرێتەوە .

4– زمانی یۆنانی : کە زمانەکانی ئەرمەنی و ئەلبانی دەگرێتەوە .

5– زمانی کەڵتی کە زمانی ئێرلەندی دەگرێتەوە .

**دووەم : خێزانە زمانی سامی :– ئەم خێزانە زمانی ئەو نەتەوانە دەگرێتەوە ، کە لە وڵاتانی میزۆپۆتامیا و دوورگەی عەرەبی و ئەفریقادا نبشتەجێبوون ، زاراوەی (سامی ) بنەچەیەکی ئاینی هەیە ، لە ناوی سامی کوری نوح) ەوە هاتووە ، کە لە تەوراتدا ئەم نەتەوانە دراونەتەپالً ئەم ناوە ، کە بەم زمانە دواون ،ئەم خێزانە زمانەش ئەم کۆمەڵە زمانانەی خوارەوە دەگرێتەوە :**

1– **کۆمەڵەی باشوورییەکان : گرنگترینیان زمانەکانی عەرەبی کۆنی خوارو و شێوە دێرینەلە ناوچووەکانی وەکو ( سەبەئی ، عیبری ، قیبتی ، سموودی ، عەرەبی نویٚ ی باکوور و زمانی حەبەشی دەگرێتەوە .**

2– **کۆمەڵەی باکوورییەکان : بریتییە لە زمانەکانی ئارامی کۆن و سریانی و سابیئە دەگرێتەوە .**

3– **کۆمەڵەی ڕۆژهەلاتی : کە زمانەکانی ئەکەدی و بابلی و ئاشووری دەگرێتەوە.**

4– **کۆمەڵەی رۆژئاوایی : کە زمانەکانی فینیقی و عیبری دەگرێتەوە .**

**سێیەم : خێزانە زمانی ئۆرالی : ئەم خێزانە زمانە دوو کۆمەڵە دەگرێتەوە :**

1– **ئۆرالی کە زمانەکانی فنلەندی ، ئەستۆنی و مەجەری دەگرێتەوە .**

2– **ئەڵتیکی کە زمانەکانی تورکی ، مەنگۆلی ، تەکەنووسی و مەنانشۆ دەگرێتەوە .**

**چوارەم : خێزانە زمانی چینی تێبتی :– ئەم خێزانە زمانە زمانەکانی (چینی ،تایلەندی ، بۆرمایی و تێبتی ) دەگرێتەوە .**

کەیلانی یەروەردە

## مێژوی زمانی کوردی

زمانی کوردی زمانێکی ڕەسەن و زیندوە ، خاوەن ڕابردوویەکی دێرینە وگەشە وگۆڕانی لەگەڵ گۆڕان کۆمەڵی کوردەواریدا کردووە،لە ئەنجامی گۆڕان و پەرەسەندی بەرەو پێشەوەخۆیدا پاراستووە .زمانی کوردی زمانێکی هیندۆئەوروپییە ، بەڵام تا ئێستا بە بەڵگەی سەلمێنراو ، ساغ نەبۆتەوە کە بە تەواوەتی میراتی کام زمانی مێژووییە وبنج وبنەوانی دەگەڕێتەوە سەر سەردەمێکی دێرین ولەکام کانی هەڵقولاوە ؟ هەر ئەمە وایکردووە کە ڕای جیاواز لەسەر زمانی کوردی و زارەکانی سەرهەڵبدات .هەر زانایەك و زمانناسێك ئاماژە بە ڕەچەڵەکی زمانێك دەدات کە کوردی بۆی دەگەڕێتەوە ،هەندێکیان باس لە زمانی میدییەکان دەکەن،هەندێکی تر دەیبەنە سەر زمانی ئەو نەتەوانەی کە لەم ناوچەیەدا بوونە وەك : سۆمەری ، عیلامی ،لولو ،گۆتی وسوبارتو ...تاد . هەندێکێشیان بۆ لای زمانە سامییەکان ڕایدەکێشن ، هەندێکیش بۆ سەر زمانی ئۆرالی .

## قۆناغەکانی میژووی زمانی کوردی

دیاریکردنی ئەو قۆناغانەی کە زمانی کوردی پێیاندا تێپەڕیوە ئەستەمە ، لەبەر ئەوەی مێژووی زمانی کوردی بە تەواوی ناکرێ دەستنیشان بکرێت ، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەندێ نووسەر بە سێ قۆناغ و هەندێکی تر چوار و هەندێکیش تەنیا دوو قۆناغیان دیاریکردووە ، لێرەدا ئاماژە بە ﴿ 4﴾ قۆناغ دەکەین.

### 1- قۆناغی کۆن

دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدیەکان و کۆتایی دەوڵەتی هەخامەنشییەکان لە سەدەی (700-550 پ.ز) .کۆنترین بەڵگەی نووسراو ( ئاڤێستا) ی زەردەشتە، پیتەکانی لە چەپەوە بۆ ڕاست نووسراون، ژمارەی پیتەکانی (60) پیتە، وبریتییە لە سرودەکانی ئایینی زەردەشت (گاتا) کان، کە (21) سرودی ئاینییە، ئەم سەردەمە (250) ساڵی خایاندووە

### 2- قۆناغی ناوەند

ئەم قۆناغە لە زنجیرەی پاشایەتی ئەشکانییەکان دەست پێدەکات کە بە پەهلەوی ئەشکانی بە ناوبانگە ، لەساڵی (200 پ.ز) دەست پێدەکات ،لەم قۆناغەدازمانە ئێرانییەکان بە گشتی دووبەشن:

یەکەمیان : پەهلەوی ئەشکانی ﴿ 200 -226 پ.ز﴾ کۆنترین بەڵگە لە هەورامان دۆزراوەتەوە .

دووەم : پەهلەوی ساسانی (227 پ.ز ) دەست پێدەکات وتا هاتنی ئیسلام بەردەوام دەبێت . بەڵگەی گەش و دیاری زمانی کوردی لەم قۆناغە دیار و ئاشکرا نییەکە زمانی نووسراوبێت، تەنیا ئاڤێستا هەیە ئەویش شێوەی زەند وپازەند.

## 3– قۆناغی شێوەزار

دوای روخانی ساسانییەکان ودوای دووسەدە سستی ، زمانی کوردی وزمانە ئێرانییەکان نووسینی دەست پێدەکات. لە ماوەی ئەم دوو سەدەیەدا واتە حەوتەم وهەشتەم .تەنیا زمانی ئاخاوتن بووە نەك زمانی ئەدەبیات و نووسین. ئەگەرچی زمانی کوردی لەو ماوەیەدا وەکو زمانی ئاخاوتن زمانێکی یەکگرتوو بووە بۆ ئاخێوەرانی کوردی .لەو ماوەیەدا کورد زمانان روویان کردۆتە زمانی عەرەبی یا زمانی فارسی وەکو زمانی نووسین ، بەلاّم کورد و ئێرانییەکان لە سەدەی نۆیەمی زایین بە هۆی زیندوو بوونەوەی گیانی نەتەوایەتی ناوچەییەوە وردە وردە گەڕاونەتەوە سەر بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی وئەدەبیات، فیردەوسی شانامەی لە سەدەی نۆیەمی نووسیوەو باباتاهیری هەمەدانیش وەکو یەکەم تێکستی کوردی دوو بەیتیەکانی بە شێوەی لوڕی نووسیوە .ئەم شێوە لوڕییە وزاری هەورامی وای بۆ دەچن کە پەهلەوی ئەشکانی بێت.

دوای هەلّوەشانەوەی دەولّەتی ئیسلامی یەکگرتوو، میرنشینەکان شوێنیان گرتنەوە ، لەو کاتەدا زمانی ناوچەیی بۆتە زمانی ئەدەبیات .

## 4–قۆناغی نویٚ

دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی، رۆژنامەی کوردستان لە سالّی 1989 لە قاهیرە وەکو مێژووی دەستپێکردنی زمانی نووسین بە کوردی نویٚ دابنێین ، سەرهەلّدانی رۆژنامەگەری کوردی وەکو روداوێکی مێژوویی، رۆشنبیری وزمانی ونەتەوەیی بۆ مێژووی کوردو قۆناغی چوارەمی مێژووی زمانی کوردی وقۆناغی بژارەکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە وسەرهەلّدانی شێوازێکی نوێی زمانی نووسینی کوردی دابنێین.

هەرچەندە کە قۆناغەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە دیاریکرا ، بەلاّم ئەم چوار قۆناغە تەواو نییە وکەموکورتی تێدەکەوێت لەبەر ئەوەی کە ئەم رایە هەموو زمانی ئەو نەتەوانەی کە زمانەکانیان سەر بە زمانەکانی هیندۆئێرانی نەبووە ولەسنوری جوگرافی کوردستان ژیاون لەبیرکردوو، رای پەسەندتر هەر ئەوەی (ئۆ .ل .ڤلیچیڤسکی) و (ن .ی .مار) و (ك .ب .ئاکۆیۆف) کە پێش قۆناغی هیندۆ ئێرانی سەردەمی کۆنتری دیاری کردووە ،کە ئەویش فۆناغێك بووە کوردی لە پەلی زمانانی هیندۆ ئێرانی نەبووە . ناکریٚ ئەو هەموو نەتەوانەی کە لە سنووری جوگرافیای کوردستان بوونە لەبەر چاو نەگیرێن وەك نەتەوەکان سۆبارتۆ ، لولو ،هیتی ،سۆمەر ... تاد کە ساغ نەبۆتەوە سەر بەبنەمالّەی هیندۆ ئێرانی بن.

## زارەكانی زمانی كوردی و شوێنی جوگرافی

**زار: شێوە جیاوازەكانی قسەكردنی زمانە، گۆڕاوە لە یەكێكەوە بۆ یەكێكی تر و رادەی ئەم جیاوازییە فراوان دەبێتەوە لە یەكێكەوە بۆ یەكێكی تر و رادەی ئەم فراوان بوونەش درێژدەبێتەوە لە خێزانێكەوە بۆ خیزانێكی تر یان لەشارێكی ترەوە بۆ شارێكی تر و لە دەولەتێكەوە بۆ دەولەتێكی تر بۆنمونە:**

**زاری سۆرانی كە لەشنۆوە دەست پێدەكات بەلأم لەهەمان كاتدا خەلكی هەولیر جیاواز قسەدەكات لەگەل خەلكی شاری شنۆ**

**تایبەتمەندی زار:**

1. **زار ناوچەییە و تایبەتە بە كۆمەلْ و ناوچەیەك و جیاوازە لەشوێنێكەوە بۆ شوێنیكی تر.**
2. **زار زیاتر زارەكییە و گوتراوە و دەوقی نوسراوی نییە .**
3. **بوونی چین و توێژی جیاواز لەناو كۆمەلْ هۆكارە بۆ دروستبوونی لە رووبەری زمانە گشتیەكەدا.**
4. **زار زیاتر بۆ پەیوەندی كۆمەلأیەتی بەكاردێت و لەناوچەیەكی بەر تەسك كاردەكات .**
5. **زار وەكو زمان بەر گەشە و گۆڕانی مێژووی ناكەوێت وكەمتر بلأودەبێتەوەو لەسنوری ناوچەكەی خۆیدا دەرناچیْ**
6. **مێژووی پەیدابوونی زار لەدوای زمانەوە دێت.**

## جۆرەكانی زار

**زمانیش وەكو هەر زانستیكی تری ناو كۆمەلْ. جیاوازی تیْ دەكەوێت مادام كۆمەلگا جیاوازە كەواتە زمانەكانیش جیاوازن بەمەش كەسەكانی ناو یەك كۆمەڵگاش جیاوازن، گرینگترین هۆكاریش بۆ دروستبوونی ئەم جیاوازییە بریتین لە " رەگەز ، كات ، شوین، پلەوپایەی كۆمەلأیەتی " هەر لەم روانگەیەوە زاریش دابەش دەبێت بەسەر چەند جۆرێك كە ئەمانەن:**

**1. زاری كۆمەلأیەتی:** **بەو پێیەی كە زار لەناو كۆمەڵگادا سەرهەڵدەدات و دیاردەیەكی كۆمەلأیەتیە بۆیە دەتوانین بلْێین كە بریتیە لەجۆراوجۆری زار لەناو هەمان زماندا كە بەشیوەیەكی جیاواز بەكاردێت ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆكارێك وەكو " لایەنی ئابوری و رەگەز و ئاستی رۆشنبیری و تەمەن ....تاد"ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی ئەوەی كە زاری كۆمەلایەتی دروست ببیْ ، بۆنموونە ئیش و كاری رۆژانە وادەكات چین و توێژ و تاقمی جیاواز پەیدابییْ وە یەكیْ لەهۆكارەكانی تر چەند لایەنی كۆمەلایەتی كۆمەلێك فراوان دەبێت كەئەمەش توێژێكی جیاواز**

دروست دەكات . زاری كۆمەلایەتی لەسەردەمیكەوە بۆ سەردەمیكی تر جیاواز دەبێت چونكە هەر سەردەمە بە بەرگۆرانكارییەك دەكەوێت هەندێ شتی لێ لادەبرێت و هەندێ شتی لێ زیاد دەكرێت .

2. **زاری جوگرافی** : ئەم زارەیە كە لەناوچەیەكی دیاریكراو هەیە كە بریتییە لە شێوەو جۆری جیاواز لەهەمان زمان و لەیەك ولات دا بۆنموونە "زمانی كوردی ناوچەی سنە زاریكی جوگرافی ناوچەی ئەردەلانە " لەناو ئەم زارە جوگرافیانەدا شیوەی جیاوازی تریش هەیە بۆیە زاری جوگرافی زاریكە لەناوچەیەكەوە بەكاردەهێنرێت و جیادەكرێتەوە لەیەكتری كە ئەم هۆكاری جیاكردنەوەیەش یان هۆی سیاسییە یان سروشتییە یان ئابوورییە ، كە هەر یەك لەمانە دەبنە هۆكار بۆ جیابوونەوەیان .

3. **زاری مێژوویی**: بریتیە لەجۆری زمان بەدرێژایی سەردەم لەناو تاكە زمانێكدا بیگومان هەر سەردەمێك لەناو ئەم جۆرە زمانەدا جیاوازە لە سەردەمێكی تر ئەوەی خۆی خەریك دەكات بەلێكۆلینەوەی ئەم جۆرە زمانەوانی جۆراوجۆرە ، زاری مێژوویی بەندە بەزمانەوە و لەسەردەمی نویدا زاری میژوویی دەوری نامێنێ بۆیە كە لیكۆلینەوە دەكرێت لەسەر زمان لە مێژووەكەیدا ئەوا كات و سەردەمێكی دیاریكراو لەمیژوودا وەردەگرێ و دەیكەن بە لێكۆلینەوەیەكی مێژویی وەسفی، ئەگەر بێت و مێژووی زمانی هەر نەتەوەیەك نەمێنێ ئەوا زۆر بەزەحمەت لێكۆلینەوە دەكرێت لەسەر مێژووی زمانەكە ، زاری مێژوویی بەبەر گەشەو گۆرانی ئابووری و كۆمەلایەتی كەوتووە بۆیە ئەم گەشە و گۆرانە وایلیكردووە كە لەسەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی تر جیاوازبێت.

4 . **زاری پێوانەیی "معیاری، ستاندار، دەستوری":**

ئەمەش جۆرێكی ناوەندییە و بەكاردەهێنرێت لەولاتێكدا و لەناو میللەتێكدا وە زمانێكی نووسینە و بەند نیە بەهیچ چین و تویژ و تاقمیكی كۆمەلآیەتیدا ئەمەش هەر زارێكە لەناو زارەكان بەلآم برەوی سەندییەوخەلك زۆری بەكارهیناوە لەناوەندی جیاوازدا هەندێك بەزمانی چاپەمەنی دادەنێن و هەندێك بە زمانی تویژینەوە و هەندێكی تر دەلێن زمانی فەرمی و زمانی ناوەندە ، دەتوانین بلێین زمانی ستاندار بەلآم لەبنەرەتدا زاری پێوانە و معیاری بووە ، وە زمانی ستانداریش ئەو زمانەیە كە بەردەوامی بەخۆیەوە دیوە لە ئەكادیمیا و دام و دەزگا حكومییەكان.

## زارەکانی زمانی کوردی

**زمانەوان و توێژەرانی کورد بە چەند شێوەیەك باسی دیالێکتەکانی زمانی کوردییان کردووە**

**1. زاری کرمانجی ژوورو**

**زۆربەی زۆری کورد لە قسەپیکەرانی ئەم دیالیکتەن لەوانەش کوردەکانی (باکوری کوردستان و کوردانی روسیا و ئەرمینیا و ئازەربایجان و جۆرجیا و کوردانی رۆژئاوای کوردستان و بەشێك لەکوردانی باشووری کوردستان) ئەم دیالێکتەش کۆمەلێك شێوەزاری لێبۆتەوە کە ئەمانەن:**

**. بایەزیدی : لەباکوورو باکووری رۆژهەلاتی دەریاچەی وان**

**. هەکاری: باشوور و باشووری دەریاچەی وان**

**. بۆتانی: ناوچەی بۆتان و سعرەت و جەزیرە و دیاربەکر**

**. شەمزینانی**

**. بادینی : ناوچەی دهۆك و زیبار و ئامیدی و سنجار**

**. شیوەزاری رۆژئاوا: خەرپووت و ئورفە و عەفرین و مەرعەش**

**2. زارەکانی کرمانجی ناوەراست:**

**زۆربەی کوردانی باشوری کوردستان و رۆژهەلاتی کوردستان بەم دیالێکتە قسە دەکەن کە ئمەش چەند شێوەزارێکی لێبۆتەوە وەك:**

**. سۆرانی : ناوچەی هەولیر و دەوروبەری**

**. سلیمانی : سلیمانی و دەوروبەری**

**. گەرمیانی: ناوچەی کەرکوك و کفری و کەلار و ...تاد دەگریتەوە**

**. موکریانی: ناوچەی شنۆ و سەقز و بۆکان و بانە و سەردەشت...تاد**

**. ئەردەلانی: سنە و بیجار و روانسەر و باکوری ناوچەی جوانرۆ**

پەروەردە

**3. زارەکانی کرمانجی باشوور:**

ئەم دیالێکتەی زمانی کوردی بە درێژایی ڕێگای نیوان قەسری شیرین و کرمانشان و مەلایەر لە باکوور بلاوبوونەتەوە تاوەکو دەوروبەری باکووری رۆژهەلاتی کەنداوی عەرەبی لەباشور هەندێ سەرچاوە ئەم دیالیکتەیان بە دیالیکتی لۆر ناوبردووە کە ئەم لقانەی لیدەبیتەوە:

**( لوری و لەکی و کەلهوری و بەختیاری و مامەسێنی و کوهگولی)**

**4. زاری گۆران (هەورامی) :**

**ئاخیوەرانی ئەم دیالیکتە پەرت و بلاون و لە زۆرناوچەی کوردستاندا کە چوار لقی لێدەبێتەوە:**

**1. گۆرانی رەسەن:** کوردانی ناوچەی کرند و زەهاو و جوانرۆ قسەی پیێ دەکەن و هەندێ لەکاکەییەکانی داقۆق و خیلەکانی زەنگەنە لەنزیك کفری قسەی پێدەکەن

**2. هەورامانی:** دانیشتوانی ناوچەی شاخەکانی هەورامان و پاوە و پلنگان قسەی پیێ دەکەن هەورامانییەکانیش دەبنە دوو بەش:

**أ. هەورامانی لهۆن:** لەرۆژئاوایی شاخەکانی هەورامان لەباشوری کوردستان نیشتەجێن

**ب . هەورامانی تەخت:** لە رۆژهەلاتی شاخەکانی هەورامان لەرۆژهەلاتی کوردستان نیشتەجین

**3. باجەلانی :** ئەمانەشن پرت و بلاون و هەندیکییان ( شەبەکەکان) لە رۆژهەلاتی (موسل) ن و هەروەها زەهاو و باکووری لورستان و نزیك خانەقین و قۆرەتو و هۆرین و ناحیەی مەیدان قسەی پێدەکەن

**4. زازایی:** ئەمانەش لقیکی دیالیکتی گۆرانن بەلام ئەوەی جێی سەرسورمانە جێی نیشتە جێبوونیان دوورە لەناوچەی گۆران کە دەکەوێتە نیوان ئەرزەروم و موش و خەرپوت و ئەرزنجان لەناوچەی دەرسیم.

## زمانی ستاندارد

زمانی ستاندارد ئەو شێوە باوەیە کەوا لە ئاکامی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی کۆمەڵەوە دروست دەبێت، چەند دەزگایەکی ئەکادیمی یان زمانەوانی یان لایەنێك دەیانەوێت شێوەیەکی ستاندەر دروست بکەن بۆ ئەو مەبەستە شێوەیەك لە شێوەکان هەڵدەبژێرن و دواتر بەهۆی کۆمەڵێك گۆڕانکاریی تێدا زمانێکی ستاندەر دەهێنە بەرهەم و دەبێت بە زمانی فەرمی، زمانی ستاندەریش زمانی خوێندن و نووسینە ، بەڵام مەرج نییە کە زمانی دایك یان زمانی ئاخاوتن بێت، ئەو نەتەوەیەی کەوا ناسنامەی زمانەکەی لە هەڕەشەدا بێت، تەنیا بە زمانی ستاندەر دەتوانێت بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات ، چونکە زمانی پەروەردە و فێرکردن و زمانی فەرمی دامودەزگا حکومییەکانە و زمانی بونیادنانی نەتەوەیە، بۆ نموونە وڵاتێکی وەك ژاپۆن و ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی خەریکبوو لە ناو بچن ، بەڵام بەهۆی زمانی خوێندن توانیان جارێکی تر ببنەوە بە دوو وڵاتی زلهێزی ئابووری و خاوەن تەکنەلۆژیا ، هەروەها عەرەبەکانی جەزائیر و تونس و مەغریب بوودجەیەکی گەورەیان داناوە بۆ لاوازکردنی زمانی فەرەنسی لە وڵاتەکەیاندا و گەڕانەوەی زمانی عەرەبی. گشتاندنی زمانی ستاندەریش بە چەند ڕێگەیەك دەکرێت:

**یەکەم . ڕێگەی کلاسیکی**

1. زمانی کتێبی ئاسمانی
2. هەژموونی سیاسی زاریێك
3. دەستەڵاتی سیاسی ولاٌت
4. ئەکادیمیای زانستی زمان
5. دەستەلاٌتی ڕۆشنبیرانی ولاٌت

**دووەم . ڕێگەی پلانی زمان**

1. هەڵبژاردنی دیالێکتێك
2. بەسیستەمکردنی دیالێکتەکە
3. بەهەمەلایەنیکردنی دیالێکتەکە
4. جێبەجێکردن و گشتاندنی دیالێکتەکە
5. قبووڵکردنی جەماوەریی بۆ دیالێکتەکە

**سێیەم – شاکاری ئەدەبی بەرز**

خۆی لە نمونەی شاکاری ئەدەبی ناوازە دەبینێتەوە ، جا بە هەر دیالێکتێکی زمانەکە نوسرابێتەوە ، کە هەڵگری پەیامێکی مرۆڤدۆستانەیە لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکاندا و لە لایەن ئەدیبانی نەتەوەکەوە نوسراون وە بە هۆی کاریگەرییان سنووریان بڕیوە و بۆ زمانانی تر وەرگێڕدراون .



کولیژی پەروەردە

**هۆکارەکانی نەبوونی زمانی ستانداردی کوردی :**

1– **دابەشکردنی خاکی کوردستان .**

2– **سەپاندنی زمانی وڵاتانی داگیرکەر لە هەر پارچەیەکدا .**

3– **نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردی**

4– **خۆدزینەوەی حکومەتی هەرێم لە جێبەجیکردن و گشتاندنی زمانێکی ستاندارد لە باشوری کوردستان.**

5– **کەمتەرخەمی هەر دوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە ڕەنگنەدانەوەی زمانێکی ستاندارد لە پرۆگرامەکانی خوێندندا.**

6– **نەبوونی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەکادیمییاکانی زمان .**

وەزارەتی پەروەردە

## گرفتەکانی ڕێنوسی کوردی

هیچ زمانێك نییە گیروگرفتی ڕێنووسی نەبێت ، هەر هەوڵدانێك بۆ چارەسەرکردنیان دەبێتە هۆی گیروگرفتی زمانەوانی و نازمانەوانی ، چ زمانێك بە قەد ئینگلیزی و چینی و عەرەبی گیروگرفتی ڕێنوسییان هەیە ، کەچی بڕیاریان داوە دەستکاری نەکەن ، چونکە بە دەستکاریکردنیان گیروگرفتی ئاڵۆزتر سەرهەڵدەدەن و کە لە وانەیە هەرگیز چارەسەر نەکرێن ،هیچ زمانێکیش نییە ڕێنوسێکی یەکگرتووی هەبێت ، بۆ دانانی ڕێنوس بۆ هەر زمانێك سەرەتا فۆنیمەکانی زمانەکە دەستنیشاندەکرێت و بە گوێرەی فۆنیمەکان پیتەکانی بۆ دادەنرێت ، مەرجیش نییە ژمارەی پیتەکان بە قەد ژمارەی دەنگ و فۆنیمەکانی زمانەکە بێت وە هیچ زمانێکیش نییە ژمارەی پیتەکانی بەقەد فۆنیمەکانی بێت . لە زۆر زماندا پیت هەیە لە نوسیندا بە کاردەهێنرێت کەچی لە ئەلفوبێکەیدا نییە یان دەنگی وا هەیە کە پیتی بۆ نییە ، یان هەمان دەنگ بە چەند جۆرێك دەنوسرێت ، یان هەمان پیت چەند دەنگێك دەنوێنێت .

**نوسینی نمونەیی :**

1– هەر وشەیەك بە بزوێن دەستپێبکات ، (ئ) دەچێتە سەر بزوێنەکە : ئارام – ئاکار – ئەستێرە – ئەفراندن.

2– (و) ی کورت و (وو) ی درێژی بزوێن لێك جیا دەکرێنەوە : چوست – توند – گوڵ

بازوو– خەڵووز – موو

3– (و) ی وەستاو لە سەرەتای وشە و برگەدا بە یەك (و) دەنوسرێت : وریا – وشە – وشك

4– (وو) ی بزوێن ،کە بە (وو) ی درێژ ناو دەبرێت لە (و) ی کورت جیا دەکرێتەوە و لە سەرەتای وشە و بڕگەدا دەرناکەوێت :

سنوور– بەڕوو – خەسوو

5– ئامرازی بەستن (و) کە دوو وشە یان دوو ڕستە و فرێز لێك دەدات لە ناوەڕاست دەنوسرێت :

من و تۆ – دونیای من و خەیاڵی تۆ

6– أ– ئامرازی بەستنی (ی) بە کۆتایی وشەی یەکەمەوە دەلکێندرێت : گوڵی خەم – ئاسمانی حوسنی مەحبوبم

ب– ئەگەر وشەکە بە (ی) کۆتایی هاتبێت ، (ی) ی بەستنی دەبێت پێوە بلکێت و دەبن بە دوو (یی) :

یاریی منداڵان – دیارییە بە تۆ

7– ئامرازی بەستنی (ە) لە وشەی لێکدراو دا بە وشەی یەکەمەوە دەلکێت و سپەیس ناکەوێتە نێوانیان :

مانگەشەو – گوڵەبەڕۆژە

8– – ئامرازی بەستنی (ە) ناو بە ئاوەڵناو  بە کۆتایی وشەی یەکەمەوە دەلکێت و سپەیس دەکەوێتە نێوانیان :

شارە وێرانەکە – گوڵە جوانە ژاکاوەکان

9– ( ڕ ) ی قەڵەو لە هەر شوێنێکی وشە بێت وەکو خۆی دەنوسرێت : ڕوو – دەمڕاست – پڕ

10– لە وشەی داڕێژراو دا پێشگر و پاشگر بە وشەکەوە دەلکێت :

ڕاهێنان – هاتنەوە – هەڵدانەوە

11– وشە لێکدراوەکان بەسەریەکەوە دەنوسێن : سەرخان – ڕووخۆش – دڵپاك

12– وشەی بێگانە دەخرێتە سەر ڕێنوسی کوردی :    ئینکار – سیڤی – ئەحمەد

کۆلێژی پەروەردە

## پلانی زمان و سیاسەتی زمان

زمان ڕۆحی نەتەوەیە ،هەوێنی یەکڕیزی و پاراستنی کەلتوور و شوناسی ئاخێوەرانییەتی .لەو سۆنگەیەوە دانانی پلان بۆ پاراستنی زمان لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانەکە بەڕێوە دەچێت ، کە لە لایەن حکومەت و ناوەندە ئەکادیمییەکانی زمان و زانکۆکانەوە پلانی بۆ دادەڕێژرێت و چاودێری زمانەکە دەکرێت و بەپێی دەستووری وڵات لە دامەزراوەکانی حکومەت و ناوەندە پەروەردەیی و ئەکادیمییەکان بەکاردەهێنرێت ، بۆ نمونە لە دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵ بە پێی دەستوور زمانی کوردی دووەم زمانە لە دوای زمانی عەرەبی ، کە پێویستە لە سەر سەرجەم نوسراوەکانی دەوڵەت و تابلۆی سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت بەکاربهێنرێت ،کەواتە بوونی پلان و سیاسەت بۆ پاراستنی هەژموونی زمان گرنگە بە تایبەتیش زمانی کوردی ،کە زمانی نەتەوەی کوردی خاك دابەشکراوە .

کۆلێژی پەروەردە

کۆلێژی پەروەردە

# بەشی ئەدەب

## مێژووی ئەدەبی کوردی :

**مێژووی ئەدەبی کوردی لە بابەتاهیرەوە دەست پێدەکات ( 935 – 1010 ) ز ، واتە چوارینەکانی بابەتاهیر لەدیالێکتی لور و ئینجا مەلای پەرێشان لە 1356ز لە دیالێکتی گۆران و مەلای جزیری لە ( 1631 – 1640 ) ز وحەریری وخانی و...... هتد لە کرمانجی سەروو لە پاشاندا نالی( 1800-1873 ) ز و سالم و کوردی و..... هتد لە کرمانجی ناوەراست . ئەمە سەبارەت بە مێژووی ئەدەبی کوردی / بەشی شیعر، بەلاّم سەبارەت بەمێژووی پەخشانی کوردی لە کرمانجی ناوەراست دەگەرێتەوە بۆ پەخشانەکانی عەلی تەرەماخی , کە کتێبێکی فێرکردنە بۆ مندالآنی کورد . مەلا محمود پێشەکی بۆ نوسیوە لە 1971ز لە بەغدا چاپکراوە وەکو کتێب و کتێبەکەی تەرماخی لەژێر ناونیشانی ( هذا کتاب صرف لسان الکردي ) یە ئینجا ئەحمەدی خانی شاعیر عەقیدەیەکی کوردی بە پەخشان نوسیوە و لە پاشاندا پەخشانەکانی مەلا مەحموودی بایەزیدی کۆمەڵێك پەخشانی نووسیوە لە وانە ( عادات و تقالیدی ئەکرادی ).**

**لە کرمانجی ناوەراست یەکەم پەخشان کە نوسرابێ ( عەقیدەی کوردییە ) کەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی یە و ئینجا پەخشانەکەی شێخ حسێنی قازی بەناوی ( مەولودنامە ) ی شێخ حسێنی قازی یەو بە پەخشانێکی سەروادار نووسراوە و بەزمانێکی تێکەڵ . شێخ حسێنی قازی لە( 1792- 1871 )ژیاوە .لە پاشاندا مەولودنامەکەی مەلا عەبدوللای جەلی زادەیەکەبە پەخشان نووسراوەتەوە.**

**ئەدەبی فۆلکلۆری-:**

**پێناسەی فۆلکلۆر : هونەری وتنی راستەوخۆیە ,ئەم هونەرە رەسەن وکۆنە وپشتاوپشت ودەماودەم هاتووە ودەروا بەندە بەنەریت وخووی کۆمەلآیەتی ئەم کۆمەلگایە وئەم ئەدەبە چەندتایبەتییەکی هەیە کەجیای دەکاتەوە لە (ئەدەبی نووسراو ) و(ئەدەبی میللی ) کەئەویش ئەوەیە کۆنترین ئەدەبە وزۆربەی بەرهەمانی بەهەرەوەزییەکی ئاسایی وبێ بڕیاردان لەسەر ئەو هەرەوەزییە هاتۆتە بەرهەم ووەك زانستێکیش لەگەڵ هەندێ لە زانستەکانی ترولقەکانی زاینن وباوەڕ وئایندا بەیەکداچووە وئەدەبێکە وخاوەنەکەی گەلەو لەدوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە (Folklore) فۆلك بەواتای خەلك دێ لۆر بەواتای پەندی گەل یاخود زانینی گەل دێت .**

**بایەخ وگرنگی فۆلکلۆر -:**

**1- کەرەستەیەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیان وزمان ومێژووی گەلەوە .**

**2- کەرەستەیەکە بۆ زانایانی کۆمەڵ وکۆمەلآیەتی وئەنتۆگرافیا**

**3-هۆنراوەی گەل و گۆرانییەکانی فۆلکۆر ژیان ومێژووی رەسم وعادەتی خەڵکی پاراستووە.**

**4- فۆلکلۆر سەچاوەی ئەدەب وهونەر وشارستانییەتە.**

**5- تاراددەیەك ئارامی دەبەخشێتە دڵ و دەروونی مرۆڤ.**

6-زۆربەی توخمەکانی فۆلکلۆر هێمایەکی تێدایە کەلەرووی دەروونزانی , زمانەوانی ,شوێنەوار ,رەخنەی ئەدەبی تاوەکوسیاسییەکانیش سوودی لێوەرگرن.

7-گشت نووسەروشاعیران ورۆشنبیران وەکو گە نجینەیەکی بەنرخ سوود وقازا نجی لێوەردەگرن.

8- بۆگەشە پێدانی هەستی نیشتیمانی ونەتەوەیی سوودی لێوەردەگیرێ وەکو داستان ولاوك وحەیران.

9- فۆلکلۆری کوردی رێنیشاندەری ئەودەردو ئێش وئازارەیە کەلەلایەن دوژمنانەوە بەسەرماندا سە پاوە.

10- لە فۆلکلۆردا خۆشەویستی نیشتیمان وسروشت وجوانی ووەفایی ووێنەی ئازایەتی و خەباتی گەلە بەرامبەر زۆرداری ودەرەبەگی نیشان دەدات.

## بەشەکانی فۆلکلۆر :

ئەفسانە : بریتییە لە هەوڵی مرۆڤ بۆ ئەوەی لەگەردوون ودیاردەکانی بگات , یاخود لێکدانەوەی مرۆڤ دەربارەی ئەو دیاردانە وەك ئەفسانەی نەریت وبۆنە ئاینییەکان وئەفسانەی گەردوونی و ......هتد.

داستان : بەرهەمێکی چیرۆك ئامێزە ,سەرگوزشتەیەکی رووداو یان راستەقینە دەگێرێتەوە کەوا بەژیان بەستراوە راستی ژیان لە دەروونی خاوەن بەرهەمەکەوە دەهەێنێتە دەرەوە و وێنەی قارەمانی وئازایەتی مرۆڤ نیشان دەدات خەیاڵێکی زۆری تێدایە وەك :داستانی مەم وزین وقەلاَی دمدم لەکوردیدا.

حەکایەت (سەرگوزشتە ) :-حەکایەت بەشێکی گەورە وفراوانی ئەدەبی فۆلکلۆری یەو گەلێك بابەت لەحیکایەتدا هەیە بەگشتی دووبەشە ( حیکایەتی پروپووچ , چەشنەکانی دیکە کەدوورن لەشتی پروپووچ ) وەکو حیکایەتی حاجی دارِبڕ.

پەندی پێشینان : وتەیەکی کورتە وواتایەکی فراوانی هەیە ومرۆڤ لەهەموو هەڵوێستێك ووتەیەکی نەستەقی هەیە لەکاتی قسەکردنیدا بەتوێکڵی دەکات .وەکو دەڵێن ئەوکەسەکەسە ئەلفێکی بەسە.

مەتەڵ : چەشنێکە لەئەدەبی فۆلکلۆری لەکۆندا هەروەك ئەفسانە وسەرگوزشتەی پرۆپووچ وایە بریتییە لە بەرهەمێکی ئەدەبی رەسەن ودەماودەم و پشتاو پشت دەگێردرێتەوە وبلاَودەبێتەوە مەتەڵ مەبەستەکەی نایارەو تەم ومژاوییە.

گۆرانی وهۆنراوەی فۆلکلۆری-:

ئەو هۆنراوانانەن ,کەلەسەرکێشی پە نجەی خۆمالی (فۆلکلۆری) هۆنراوەتەوە خاوەنی سەرواو مۆسیقایەکی دڵرفێنن و بەجۆشن ,هۆنراوەی فۆلکلۆری بربرەی پشتی گۆرانی کوردییە , کەلەگەڵ ژیانی گەلدا سەری هەڵداوەو بێ خاوەنە.

**ئەدەب بەشێوەیەکی سەرەکی دەکرێتە دووبەشەوە-:**

**ئەدەب**

| | |
|---|---|
| **شیعر جۆرەکانی** | **پەخشان وجۆرەکانی** |
| **شیعری لیریکی** | **رۆمان** |
| **شیعری داستانی** | **چیرۆك** |
| **شیعری درامی ( شانۆگەری )** | **وتـار** |
| **شیعری فێرکردن** | **یاداشت نـامە** |
| | **شانۆگەری دواندەری ...هتد** |

کۆلێژی پەروەردە

# قۆناغەکانی شیعری کوردی

1- شیعری کلاسیکی کوردی لەرووی روخسارەوە-:

شیعری کلاسیکی کوردی لەرووی روخسارەوەلاسایی کەرەوەو بەردەوامی شیعرو ئەدەبییاتی کلاسیکی رۆژهەلاّت بوو لەبەکارهێنانی کێشی عەرووزی عەرەبی وبایەخدان بەیەکێتی سەرواو نوسینی شیعر بەزمانی کوردی وتێکەلّ بەچەندەها وشەو زاراوەی عەرەبی وفارسی وتورکی وبایەخدان بەبەکارهێنانی هونەرکانی رەوانبێژی وهەلّبژاردنی وشە وبایەخدان بە دان بەیەکێتی بابەت وبەکارهێنانی هەمان ئەوقالّبە شیعرییانەی کەلەلایەن شاعیرانی کلاسیکی رۆژهەلاّت بەکاردەهێنرا وەك غەزەل وقەسیدەو تەرکیب بەند وتەرجیع بەند ومولەممەع وموستەزاد وتاك ( فەرد ) و چوارین و پێنجین و پێنج خشتەکی لەگەل بەکارهێنانی ناویان نازناوی شاعیر لەدوا دێری شیعرەکەدا.

لەرووی ناوەڕۆکەوە:

شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی لە دەوروبەری هەمان ئەو مەبەستانەدا دەسورانەوە کەلەلایەن شاعیرانی کلاسیکی رۆژهەلاّت بەکاردەهێنران وەك /دلّداری , ئاینی , سوفیگەری , شانازی , ستایش , مەینۆشی , نەتەوەیی , لاواندنەوە وباسکردنی هەندێ لەژیان ودیمەنی کوردەواری وهەستی نەتەوەیی وکۆمەلاّیەتی ......هتد .

2- شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی

لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، بزوتنەوەیەکی نوێ شیعری کوردی سەریهەڵدا کە لەژێر کاریگەری شیعری تورکی دا بوو، ئەوانیش کەوتبوونە ژێر کاریگەری شیعری تازەی ئەوروپییەوە. سەرهەلدانی ئەو بزوتنەوە نوێخوازە تازەی شیعری کوردیەش لەسەر دەستی چەند شاعیرێکی نوێخوازەوە بووە، هەر ئەوانیش ڕابەرایەتی ئەو ڕێبازە تازەیان دەکرد کە پێکهاتبوون لە (ڕەشید نەجیب، گۆران، شێخ نووری).

لێرەدا دەتوانین بلێین شاعیرانی کوردی دەڤەری سلێمانی وەک (شێخ نووری، ڕەشید نەجیب، گۆران) دواتریش (ئەوڕەحمان بەگی نفوس، پیرەمێرد، ڕەفیق حلمی) لەژێر کاریگەری شاعیر نوێخوازەکانی تورک شیعری کوردیان تازە کردۆتەوە. لە دەڤەری هەولێریشدا دوای جەنگی دووەمی جیهانی، چەند شاعیرێک پەیدابوون کە پەیڕەوی داهێنانی شیعری تازەیان دەکرد بە سوود وەرگرتن لە بزوتنەوەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی شاعیرانی دەڤەری سلێمانی، لەوانەش:( عەلی فەتاح دزەیی، پیربال مەحمود، کەریم شارەزا، کەمال غەمبار ...هتد).

- **هۆکارەکانی نوێبوونەوە:**

**یەکەم/ هۆکاری دەرەکی:**

1 . شەڕە گەورەکان.
2 . پەیمانی سیڤەر و لۆزان.
3 . جەنگی جیهانی دووەم، هاتنە ناوەوەی ئەفکارەکانی شوڤێنی، نازی، ڕوخاندنی کۆماری کوردستان.
4 . نەتەوەی باڵادەست، واتە داگیرکەر، فارس . تورک . عەرەب.
5 . کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەدەب، وەکو لە عێراق کورد بە ئەدەبی عەرەبی کاریگەری بووە.

**دووەم/ هۆکاری ناوەکی:**

1 . بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشەنبیری و بیری نەتەوایەتی لە ئەنجامی نەهامەتە گەورەکان.
2 . دەرچوونی کۆمەڵێ گۆڤار و ڕۆژنامە، دەوریان هەبوو لەسەر گواستنەوەی بیری نوێ، لەوانەش:(کوردستان، تێگەیشتنی ڕاستی، هاوار... هتد)
3 . چاپخانە، بلاوبوونەوەی ئاسان کردووە.
4 . چوونی هەندێ زانا و نووسەر بۆ دەرەوە و هاتنەوەیان بۆ کوردستان.
5 . دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشەنبیری.
6 . کردنەوەی قوتابخانە پاش دامەزراندنی حکومەتی عێراق.
7 . گەڕانەوە بۆ کوردی پەتی یان کلتوری نەتەوایەتی.
8 . گەڕانەوە بۆ سامانی شیعری هەورامی، لەوانە : پیرەمێرد پەیڕەوی کردووە.
9 . شۆڕەشەکانی کورد.

- **تایبەتمەندێتی شیعری ڕۆمانسی کوردی.**

1 . ئازادی.
2 .بایەخدان بەتاک.
3 .قوولکردنەوەی ئەندێشە و خەیاڵ.
4 .گرنگیدان بە سۆز.
5 . بەکارهێنانی زمانی سادە.
6 .موسلمان بوون.
7 .گەڕانەوە بۆ مێژووی نەتەوایەتی.
8 .گەڕانەوە بۆ سروشت.
9 .گەڕانەوە بۆ ڕابردوو.
10 . ژیان لە غەم و ڕەشبینی.

11. **یەکێتی بابەت.**

12. **شاعیرانی ڕۆمانسی (ناو) یان (نازناو)ی خۆی ناخاتە کۆتایی شیعرەکەی، بە واتایەکی دیکە ڕەنج و ماندووبوونەکەی دەشارێتەوە.**

1.

- **چەند نمونەیەکی شیعری (عبدالله گۆران):**

1. **خۆزگەم بەیار:**

**بلێن بە یار، بلێن بە یار، یاری نازدار،**

**سەد هەزار جار خۆزگەم بە یار، منی هەژار!**

**خۆزگەم بە یار!**

**خۆزگەم بە ساڵی ڕابوردوو،**

**عومری کورتی دڵداریم بوو،**

**لە پڕ هات و لە ناکاو چوو...**

**یەک پڕ بە دنیا ئارەزوو،**

**دەریایەک تاسە ئەمە دوو،**

**جێ مابووم لەیاری مردوو!**

**بلێن بە یار، بلێن بە یار، یاری نازدار،**

**سەد هەزار جار خۆزگەم بە یار، منی هەژار!**

**خۆزگەم بە یار!**

* * * * * *

کۆڵیژی پەروەردە

2. به ڕێگادا .... بەرەو کۆنفرانس:

**چیاکانمان،**

**چیاکانی کوردستانمان،**

**هەموو سەر پۆش و سپی بەرزن،**

**بەر پێ بەفراو، داوێن سەوزن.**

**سەرانسەری ئەم کێوانە؛**

**درەختە و بێشکە و جۆلانە...**

**لە ناو بێشکەی ڕاژەنراوا**

**دەنگی گڕو گاڵی ساوا،**

**کچ بێ، کوڕ بێ، دێنێتە یاد؛**

**شکۆی سەلاحەددین، خانزاد!**

وەزارەتی پەروەردە

## شیعری هاوچەرخی کوردی

**شیعری هاوچەرخ : بریتیە لەو شیعرەی کە حیساب بۆ ئێستابوونی خۆی دەکات، بە واتای ژیان و بیرکردنەوە دێت لە ئێستادا ، لەناو جەرگەی ئەو ڕوداوانەیە کە ئێستا ڕوودەدەن، ئەم شیعرە لەسالانی ١٩٧٠ دەست پێدەکات و تا ئێستاش بەردەوامە.**

- **ڕوخساری شیعری هاوچەرخی کوردی:**

1. **زمانی شیعری، شاعیرانی ئەو قۆناغە زیاتر گرنگیان بە زمانی کوردی ڕەسەن و شێوە فۆلکلۆری و گەڕانەوەی هەندێ وشە دەدا کەکەم شەکاردەهاتن و لە فەوتان ڕزگاریان دەکردن.**
2. **وێنەی شیعری ، شاعیرانی هاوچەرخ، وێنەکانیان بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا مانا نادەن بە دەستەوە ، بەڵکو تەم و مژی تێدایە، واتا لەوێنە دوور دەخەنەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی بەدوای لێکدانەوەی زمان و واتا بکەوێ.**
3. **ڕووبەری شیعری (تۆپۆگرافیا) ، یەکێک لە خاسیەتەکانی شیعری هاوچەرخ بریتیە لەو دابەشبوونە نوێیەی کۆپلە و برگە و دێرەکانی بەسەرڕووبەری لاپەڕە دا ، واتە گۆڕانی تۆپۆگرافیای تێکستی شیعری ، ئەم گۆڕانکارییەش کە بەسەر ڕوخسار و شێوەی شیعر دا هاتووە، وای کردووە، کە شیعی هاوچەرخ زیاتر لە نیگار و وێنە نزیک بێتەوە.**
4. **کێش ، شاعیرانی هاوچەرخ کێشی کوردی خۆماڵیيان بەکارهێناوە بەبێ ئەوەی پەیڕەوی هیچ یاسایەک بکەن و کێشی ئازادییان بەکارهێناوە بەپێی ئەو مەبەستەی کە لەمێشکی شاعیردا هەبووە.**
5. **سەروا، شاعیرانی هاوچەرخ بە هیچ جۆرێ خۆیان بە هیچ دەستورێکی سەروا و هیچ سەروایەک نابەستنەوە. لە هێنانەوەدا گوێ بە یاسای دەرەوە نادەن، تەنیا گوێ بە هەست و سۆز و بیری خۆیان دەگرن، سۆز و بیرەکەیان چ جۆرە سەروایەکیان بوێت، پەیڕەوی ئەو سەروایە دەکەن.**

- **ناوەڕۆکی شیعری هاوچەرخی کوردی:**

1. **فۆلکلۆر، شاعیرانی هاچەرخ بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگیان بە تەوزیفکردنی بەشەکانی فۆلکلۆری کوردی داوە، توانیویانە گیانێکی زیندوو بدەنە ئەم کلتورە و تێکەلی بکەن لە ڕابوردوو بۆ ئێستا و داهاتووش.**
2. **مێژوو، شاعیرانی هاوچەرخ مێژوویان وەک کەرەستەیەک بۆ دەولەمەندکردن و هەوێنی شیعرییان بەکارهێناوە، کردوویانە بە بەڵگە و ڕێنیشاندەر بۆ نەوەکانی دواڕۆژ، هەروەها لایەنی مرۆڤایەتی و هونەری جوانیان بە شیعرەکانییان بەخشیوە.**
3. **تەوزیفکردنی هێما (ڕەمز) شاعیرانی ئەو قۆناغە زیاتر لەچاو قۆناغی پێش خۆیان ئاوڕیان لەو مەسەلەیە داوەتەوە، ڕەمزەکانیش وەک (ڕەمزی ئەفسانەیی، ڕەمزی ئایینی ، ڕەمزی مێژوویی ، ڕەمزی کەلەپووری ...هتد)، زیاتریش ئاوڕیان لە ڕەمزە جیهانییەکان داوەتەوە وەک ڕەمزی ئەفسانەیی (سیزیف).**

4. ڕەشبینی، بە هۆی ئەو بارودۆخە ناخۆشانەی کەبەسەر گەڵی کورد دا هاتوون بەتایبەتی دوای پشکۆی 1975 تا دوای ڕاپەڕین، بۆیە شاعیرانی هاوچەرخی کوردی لەم کاتەدا جۆرێک لە ڕەشبینیان لەلا گەڵاڵە بوو ، ئەمەش لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی دایەوە.

5. خود ، یەکێک لەو دیاردانەی لای شاعیرانی هاوچەرخ هەستی پێ دەکرێت، لایەنی خودی شاعیرە، شاعیر خۆی کردووە بە پاڵەوانی کێشە لە دیدی خۆیەوە کێشەکە دەخاتە ڕوو.

- **مێژووی سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی:**

1. کۆنترین دەقی پەخشانی نووسراوی کوردی تا ئێستا دۆزرابێتەوە ، کتێبەکەی (عەلی تەڕەماخی) یە کە لەساڵی 1600ی ز بەناوی (صرف و بعض أسول لازمەیی تعلیمە بزمانی کورمانجییە) دەربارەی ڕێزمانی عەرەبی نوسیویەتی. لە ڕاستیدا خۆی ڕێزمانی عەرەبییە و بەزمانی کوردی نوسراوەتەوە.
2. شاعیری کورد ئەحمەدی خانێ (1650- 1706) لە ساڵی 1683 فەرهەنگۆکەکی عەرەبی – کوردی بۆ منداڵان بە ناوی (نوبهارا بچوکان) داناوە، لەم فەرهەنگۆکەدا پێشەکی و پاشەکی بە پەخشان نوسراوەتەوە کە دەتوانرێت وەکو نموونەی پەخشانی کوردی دەست نیشان بکرێت.
3. شێخ حسێن قازی (1790-1868) لە ساڵی 1848ی ز نامیلکەیەکی داناوە بەناوی (مەولوودنامە) کە لەکاتی ئاهەنگ گێڕان و خواردنکردنی موسلمانان بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری خۆشەویست (د.خ) خوێندراوەتەوە.
4. مەولانا خالدی نەقشبەندی (1779-1827) ، (عەقیدەی کورد) ی بەزمانێکی پەخشان ئامێز بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست – ناوچەی سلێمانی نوسراوە، لەبارەی بیرو باوەڕی کوردی موسلمانی سوننەیە.
5. مەلا مەحموودی بایەزیدی لەسالی (1858- 1859) زایینی لەسەر ڕاسپاردەی قونسولی ڕوسی لە ئەرزەڕۆم (ژابا) نامیلکەی (عادات و ڕسومات) نامەی ( طوایف اکرادیە و اسول نظافات کورمانجی) نوسیوە، کە ژیانی گوند و شار و گوزەرانیان، باس لە کۆچەری و بازرگانی و کاسبی و سادەی کورد لەچەک و تفاق و کەرەستەی خانووبەرە و ئەسپ و وەرزشی کوردی دەکات.

**نموونەی / عقیدە نامەکەی( مولانا خالید) :**

**بسم الله الرحمن الرحیم و بە نستعین**

**ئەگەر کەسێ دەپرسێت ئیسلام چی یە؟ ئیسلام پێنج ڕوکنی هەیە، لەسەر هەموو موسلمانانی عاقل و بالغ بێ واجبە بیزانێت، عەمەلیشی پێ بکا، ئەووەل ئەوەتە (أشْهَدُ) : بە دڵ دەزانم بە یەقین، بەزوبان دەڵێم بە ئیختیار ( أن لا الە) : هیچ مەعبوودێ بە حەق نی یەلایق بە پەرستن بێ (إلا الله) : ئیللا ئەو زاتە نەبێت واجبە بوونی مابێ میثلە، هەموو سیفەتی کەماڵی هەیە، هیچ نەقسی نیە ، ئیسمی ئەڵڵایە. ....)**

**ڕۆژنامەگەری کوردی -:**

**ڕۆژنامەی کوردستان یەکەم ڕۆژنامەیەکەلە 1898/4/22 یەکەم ژمارەی لە قاهیرە لەلایەن نەوەی بەدرخانییەکان ( میقداد مدحەت بەدرخان )ەوە دەرچووە پاشان لەجنێف و فۆکستۆن , کوردستان کاریگەرییەکی گرنگی هەبوو بەسەر مێژووی ئەدەبی کوردی و پەخشان ، چونکە لە هەرشوێنێکدا ڕۆژنامە هەبێت پەخشاندا دەبوژێتەوە. بەتایبەتی وتار وجۆرەکانی وتار لە پاشاندا دەیان ڕۆژنامەو گۆڤار ڕۆلی باشیان گێرا لەگەشەسەندنی ئەدەبییاتی کوردی و لێرەو لەوێ خزمەتێکی ناوازەیان پێشکەش کردووە بەتایبەتی ( پێشکەوتنی ) سەردەمی مێجەرسۆن وگۆڤاری گەلاوێژ وهیواو هەتاوو ڕووناکی وتێگەیشتنی ڕاستی و بانگی حەق و.....هتد.**

## چیرۆکی کوردی

**بەرلەوەی باسی چیرۆکی کوردی بکرێت دەبێت بە پێناسەیەك ئەم ژانرە ئەدەبییە بناسێنرێت، چیرۆك بریتییە لەگێڕانەوەی چەند ڕوداوێکی یەك لەدوای یەك، کە بەسەر چەند کەسێکی جیاواز دا دێن و تێدەپەڕن لەشوێنێکی دیاریکراودا. زمانی چیرۆك پەخشانە و ڕوداوەکان زیاتر لەواقیعەوە نزیکن و وێنەی لایەنێکی ژیان دەکێشێت. لێکۆڵەران چیرۆکی کوردییان بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەشکردووە، کە بێگومان هەر یەکێك لەو قۆناغانە سیما و تایبەتمەندی و ئەدگاری تایبەت بەخۆی هەیە، بەتێپەڕبوونی کاتیش چیرۆك وردە وردە لە قالبە حیکایەتییەکە دورکەوتۆتەوە و زیاتر سیمای هونەری وەرگرتووە، بۆیە دەبێت پێی بگوترێت ( چیرۆکی هونەریی کوردی ). گرنگترین قۆناغەکانیش ئەمانەن :**

**1ـ قۆناغی سەرهەڵدان تا ساڵی ( 1925 )**

**لەم بارەیەوە ڕای جیاواز بەدیدەکرێت، کە لەخوارەوە چەند ڕایەك وەردەگرین :**

**ـــ ( فەرهاد پیربال ) سەرەتاکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ چیرۆکی ( مەم و زین ) ی ( مەلا مەحمودی بایەزیدی )، کە لەساڵی ( 1856 ) دا بە زاری کرمانجی نوسراوە.**

**ـــ ( د. عیزەدین مستەفا ) ڕەسوڵ ( مەولود نامە ) کەی ( شێخ حوسێنی قازی ) بە سەرەتایەکی ساکاری چیرۆکی کوردی دادەنێت.**

**ـــ هەندێك نوسەر چیرۆکی ( شویش ) ی ( فوئاد تەمۆ ) کە لەساڵی ( 1913 ) دا لە گۆڤاری ( ڕۆژی کورد ) بڵاوکراوەتەوە، بەسەرەتای چیرۆکی کوردی دادەنێن.**

**ـــ ( ڕەئوف حەسەن ) چیرۆکی ( بۆچی جلخوارم ) ی ( کەریم سەعید )، کە لەساڵی ( 1925 ) لە ڕۆژنامەی ( ژیانەوە ) بڵاوکراوەتەوە، بە یەکەم چیرۆکی کوردی دادەنێت.**

**ـــ بەشێکی زۆری لێکۆڵەرانیش چیرۆکی ( لەخەوما )ی ( جەمیل سائیب ) بەسەرەتای چیرۆکی کوردی دادەنێن.**

**2ـ قۆناغی پەیدابوون ( 1925 ـ 1939 )**

**دیارترین چیرۆکی ئەم قۆناغە ( مەسەلەی ویژدان ) ی ( ئەحمەد موختار جاف ) ـە، کە لەساڵی ( 1927 ) بلاْوکراوەتەوە، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك چیرۆکنوس دەرکەوتن لەوانە : ( پیرەمێرد، حوسێن حوزنی موکریانی، محەمەد عەلی کوردی ).**

**3ـ قۆناغی نەشونماکردنی چیرۆکی کوردی ( 1939 ـ 1950 )**

**قۆناغێکی نوێیە لە تەکاندانی لایەنی هونەریی چیرۆك، لەم قۆناغەدا هەندێك لە گۆڤار و رۆژنامەکان رۆڵی گرنگیان لە پەرەسەندنی چیرۆکی کوردیدا هەبوو، لەوانە (گەلاوێژ، نزار، دەنگی گێتی تازە، پەیام)، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك چیرۆکنوسی تر هاتنە ناو مەیدانەکەوە، لەوانە ( عەلائەدین سەجادی، مستەفا سائیب، ئیبراهیم ئەحمەد، ئیحسان مستەفا، فایەق زێوەر...هتد ).**

**4ـ قۆناغی پێگەیشتن و چەسپاندنی چیرۆکی کوردی ( 1950 ـ 1961 )**

**لەم قۆناغەدا چیرۆکی هونەری کوردی زیاتر پەرەیسەند و توانی خۆی لەبەرگی خەون ئامێزی و شێوازە ساکارییەکەی پێشوو رزگار بکات و تەکنینك و شێوازی نوێتر سەریهەڵدا. لەم قۆناغەدا جگە لەچیرۆکنوسانی پێشوو کۆمەڵێك نوسەری تر هاتنە بوارەکەوە، لەوانە (موحەرەم محەمەد ئەمین، محەمەد مەولود مەم، جەمال بابان، مارف خەزنەدار، حەسەن قزڵجی، مستەفا ساڵح کەریم، مارف بەرزنجی...هتد ).**

**5ـ قۆناغی دەوڵەمەند لە بیری نەتەوەیی و کز و نەهات لەبلاْوکردنەوەی ئاشکرا ( 1961 ـ 1970 )**

**لەم قۆناغەدا بەهۆی بارودۆخە سیاسییەکەوە نوسەران نەیاندەتوانی بەرهەمەکانیان بلاْوبکەنەوە، بەلاْم لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغێکی دەوڵەمەندە بەبیری نەتەوەیی، سەرەڕای بەردەوامی چیرۆکنوسانی پێشوو کۆمەڵێك چیرۆکنوسی تازەش دەرکەوتن، لەوانە( حوسێن عارف، ئەحمەد شاکەلی، کاکە مەم بۆتانی، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، سەدرەدین عارف، د. کاوس قەفتان، محەمەد فەریق حەسەن...هتد ).**

**6ـ قوناغی نوێبوونەوەی چیرۆکی کوردی ( 1970 ـ 1991 )**

**لەم قۆناغەدا چیرۆکی کوردی تەواو پێگەیشت و بە بەرگ و سیمایەکی هونەری نوێ دەرکەوت، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە شیاسی و ئابوری و رۆشنبیرییەی کە لەو سەردەمەدا هاتە پێشەوە ژمارەیەکی زۆر رۆژنامە و گۆڤار دەرچوون و کۆمەڵە چیرۆکی زۆر چاپکران و بەشێوەی کتێبی سەربەخۆ بلاْوکرانەوە. دیارترین نوسەرانی ئەم سەردەمە جگە لەمانەی پێشوو ئەمانەن ( لەتیف حامد و عەبدوڵلاْ سەراج و تاهیر ساڵح سەعید، ئەحلام مەنسور، سەلاْح عومەر، سەلام مەنمی، رەئوف بێگەرد، جەلیل کاکە وەیس...هتد )**

**7ـ قۆناغی دوای ڕاپەڕین ( 1991 تا ئێستا )**

**ئەم قۆناغە لەڕووی چەندێتی و چۆنایەتییەوە گۆڕانی بەسەر چیرۆکدا هێنا، لەڕووی چەندییێتییەوە واتە لەڕووی ژمارەوە چیرۆکی کوردی زیادی کرد و چیرۆکنوسی نوێ هاتنە مەیدانەکەوە، لەڕووی چۆنایەتیشەوە دیسان چیرۆکی کوردی گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینی، بەتیبەت لەڕووی تەکنیکەکانی گێڕانەوەوە، جگە لە چیرۆکنوسانی پێشوو دیارترین ئەو چیرۆکنوسانەی کە لەم قۆناغەدا دەرکەوتن ئەمانەن (ئازاد بەرزنجی، مەهاباد قەرەداغی، عەباس عەبدولڕەزاق، فەرهاد پیربالْ، موحسین ئەحمەد، سابیر ڕەشید، ئاوات محەمەد...هتد).**

## ڕۆمانی کوردی

ڕۆمان گێڕانەوەیەکی پەخشانی تاڕادەیەك خەیاڵ ئامێزە، درێژییەکی دیاریکراوی هەیە، لە چیرۆك و نۆڤلێت درێژترە، کە لەوێدا کارەکتەرەکان و جوڵە و ڕوداوەکانیان بەرجەستە دەکرێن، لەچوارچێوەی پلۆت (چنین) ێکی چڕدا دادەڕیژرێت. لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی ئەم ژانرە ئەدەبییەش لەئەدەبیاتی کوردیدا ئەم ژانرەیان دابەشی سەر چەند قۆناغێك کردووە، لەوانە:

1ـ قۆناغی سەرهەڵدان و دیارنەکردنی بەرهەمەکان بەشێوەی زانستییانە ( 1925 ـ 1970 )

لەبارەی دیاریکردنی یەکەمین دەقی ڕۆمانی کوردی ڕای جیاواز هەیە، تەنانەت مەودای نێوان بۆچونە جیاوازەکان یەکجار زۆرە، بۆ نمونە:

ــ هەندێك لە ڕەخنەگران ( لەخەوما ) ی ( جەمیل سائیب ) و هەندێکی تریش ( مەسەلەی ویژدان ) ی ( ئەحمەد موختار جاف ) بە یەکەمین ڕۆمانی کوردی دادەنێن، لەکاتێکدا لەبارەی ناسنامەی ئەم دوو دەقەی پێشوتر ڕای جیاواز هەیە، لەوەی کە چیرۆکن یاخود ڕۆمان. هەندێکی تریش ( نازدار یا کچی کورد لەلادێ ) ی ( محەمەد عەلی کوردی ) کە لەساڵی ( 1936 ) دا نوسیویەتی بەسەرەتای ڕۆمانی کوردی دادەنێن. شایانی باسە لەم قۆناغەدا ڕۆمانی تریش بەرچاو دەکەوێت لەوانە ( پێشمەرگە ) ی ( ڕەحیمی قازی ) کە لە ساڵی ( 1958 )دا نوسراوەو لەساڵی ( 1961 ) دا بڵاوکراوەتەوە، جگە لەمەش ڕۆمانی ( ئاشتی کوردستان ) ی ( محەمەد ساڵح کوردی ) لە ( 1970 )دا.

2ـ قۆناغی بێئاگابوون و کپبوون ( 1971 ـ 1981 )

لەم قۆناغەدا بەرهەمی ڕۆمان بەژمارە کەم بوون، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە:

ــ بارودۆخی سیاسی میللەتی کورد( پەشیمانبوونەوەی بەعس لە ڕێکەوتننامەی 11ی ئازاری 1970 و دواتر گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی بۆلەناوبردنی کورد )

ــ باڵادەستبوونی شیعر تا ئەوکات.

ــ چیرۆك لەدوای ساڵی 1970 تەواو پێگەیشت و پەرەیسەند.

ــ نەبوونی گۆڤارێك کە ڕۆمانی تیادا بڵاوبکرێتەوە.

ــ نەبوونی هاندان و بزاوتن بۆ وەرگێڕانی ڕۆمانی جیهانی.

**گرنگترین ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە :**

**ــ ئاگری بن کا ⟵ سەعید ناکام**

**ــ ڕێگا ⟵ محەمەد مەولود مەم**

**ــ ژانی گەل ⟵ ئیبراهیم ئەحمەد**

**گرنگترین ڕۆمانە وەرگێڕدراوەکانیش ئەمانەبوون :**

**ــ ئەفسانەی چیای ئاگرین ⟵ یەشار کەمال**

**ــ دایك ⟵ مەکسیم گۆرکیٚ**

**ــ کەمانچەژەن ⟵ پیرەمێرد**

**ــ گێلە پیاو ⟵ عەزیز نەسین**

**ــ خەندەلێو ⟵ ڤیکتۆر هۆگۆ**

**3ـ قۆناغی شاخ و شار ( گەشەکردن ) ( 1982 ـ 1990 )**

**ڕۆمانی کوردی لەم قۆناغەدا لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشەی سەند. گرنگترین ڕۆمانەکان ئەمانەن :**

**ــ سەگوەڕ، هەرەس ⟵ محەمەد موکری**

**ــ کوێخا سێویٚ ⟵ عەزیزی مەلای ڕەش**

**ــ شار ⟵ حوسێن عارف**

**ــ کانگای بەلا ⟵ حسام بەرزنجی**

**ــ کۆردەرە ⟵ خوسرەو جاف**

**ــ هەڵکشان بەرەو لوتکە ⟵ عەبدوڵڵا سەراج**

**ــ بوهژین ⟵ د. نافع ئاکرەیی**

**ــ توانەوە ⟵ عەبدوڵڵا غەفور سالح**



پەروەردە

**4ـ قۆناغی پێگەیشتن و ناساندنی ڕۆمانی کوردی ( 1991 تا ئێستا )**

**پێشکەوتنی ڕۆمان لەم قۆناغەدا بۆچەند خاڵێك دەگەڕێتەوە:**

**ــ بوونی دەسەڵاتێکی سیاسیی کوردی.**

**ــ بوونی هەندێك ڕووداوی سیاسی لەم کاتەدا، لەوانە ( ئەنفال، کیمیاباران، تەعریب...هتد )**

**ــ زمانی کوردی لەکاریگەری زمانی عەرەبی دوورکەوتەوە.**

**ــ چاپ و چاپەمەنی پەرەیانسەند.**

**ــ دەروازەکانی سنوری کوردستان تاڕادەیەك کرانەوە.**

**ــ بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی پەرەیسەند.**

**ــ پەنابردنی نوسەران بۆ ئەفسانە و بابەتی فۆلکلۆر و کەلەپۆری کوردی.**

**ــ پەرەسەندنی وەرگێڕان.**

**ــ گرنگیدان بەم ژانرە ئەدەبییە لەناوەندەکانی زانکۆدا.**